
کورتەراپۆرتێک له دیداری بەڕێز مستەفا هیجری ...



٤

بەڕێز «مستەفا هیجری» له وتووێژ لەگەڵ ...



٥

کورد دەبێ له ڕووداوەکانی سووریه، جێگای ...



٨

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و تورکیه له ناوچەدا



١٠

عەقڵانییەتی بژێویانه و کاریگەری لەسەر ...



١١

دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد له چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمــوکراتی کوردستـــــــانی ئێـــران

## به بۆنەی سەدوچواردەهەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی

له یادی سەدوچواردەهەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا که به ناوی «کوردستان» و به هەوڵ و تێکۆشانی میقداد مەدحەت بەدرخان له شاری قاهیره دەرچوو، ڕێز دەگرین له هەموو ئەو قەڵەمانەی دەروەستانه له پێناوی گەشەکردن و پەرەپێدان به زمان و ئەدەب و نووسینی کوردی و گەیاندنی زانیاریی ڕاست و دروست به نەتەوەی کورد تێکۆشاون.

ژماره ٥٧٩، پێنجشەممه، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩١، ١٩ی ئاوریلی ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

# دەلاقەی دیپلۆماسی خەریکه دەبەسترێ



باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئامریکا جەختی کردەوه که دەوڵەتی ئامریکا له دەوری نوێی تووێژەکان لەگەڵ ئێراندا، کاتی بێ‌کۆتایی به کۆماری ئیسلامی نەداوه.

ئۆباما هەر لەو کاتەدا وتی، وێڕای خۆبواردن له گۆڕینی وتووێژەکان بۆ ڕەوتێک بەمەبەستی کوشتنی کات، ئامادەیه که دوایین دەرەتان بۆ ڕێگەچارەی دیپلۆماتیک پێك بێنێ.

هەروەها بەپێی راپۆرتی رۆیتێرز، وەزیری دەرەوەی دانمارك، سەرۆکی دەورەیی یەکیەتیی ئورووپا وتوویەتی، تا کاتێك که ئێران له پێناو وەدیهێنانی داخوازییه جیهانییەکان لەمەڕ بەرنامه ئەتۆمییەکەی هەنگاوی هەڵنەگرتووە، هیچ ڕێگەیەك بۆ کەمکردنەوەی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئێران له ئارادا نیه. هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئامریکایش وتی، له کاتێکدا که ئێران بۆ دەوری دووهەمی وتووێژەکان له بەغدا ئاماده دەبێ، ئامریکا به گەمارۆکانی به دژی ئێران درێژه دەدا.

یاسادانەرانی ئامریکایش هۆشدارییان داوه که گەر ڕێژیمی تاران بەپەله کۆتایی به پیتاندنی ئۆرانیۆم نەهێنێ، گەمارۆکانی سەر ئێران توندتر دەکەن.

وتەبێژی سێناتۆر مارك کێرك وتوویەتی، ئێمه نابێ وتووێژه دیپلۆماتیکەکانمان لەگەڵ پێبەندی به بڕیارنامەکانی شووڕای ئاسایش لێ تێك بچێ.

وتووێژەکانی ئێران و گرووپی پێنج زێده یەك له ئیستانبول لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، پاش ڕۆژێك کاری بەردەوام، کۆتایی پێ هات. دەوری دووهەمی ئەو وتووێژانه، ڕۆژی ٢٣ی مای له بەغدا بەڕێوه دەچێ.

## لەبەر چاوی چاودێرانی نەتەوه یەکگرتووەکاندا شەڕ له سووریه درێژەی هەیه

له لایەن هێلیکوپتێرەکانی هێزه دەوڵەتییەکانەوه گوللەباران کراوه و شاری حومس و بەتایبەت ناوچەی خالێدییه و ئەلبەیازییه کەوتوونەته بەر هێرشی ئەرتەشی سووریه و چەندین تێکهەڵچوونی چەکداریش له دیمەشق و دەوروبەری بینراوه.

سەرەڕای ئەوەی که کۆلۆنێل ئەحمەد حەمیش، سەرۆکی گرووپی یەکەمی چاودێرانی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان وتوویەتی که تا چەند ڕۆژی دیکه، ٣٠ چاودێری دیکەش دەنێردرێنه سووریه، تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییه ڕایگەیاند که ڕاوێژکاری ڕاگەیێنی بەشار ئەسەد وتوویەتی «سووریه مافی ڕەدکردنەوەی چاودێرانێك له وڵاتانی قەتەر، عەرەبستانی سعوودی، تورکیه و فەڕانسه و هەروەها پێشگرتن له پشکنینی هێندێ ناوچەی تایبەت بۆ خۆی به پارێزراو دەزانێ».

شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان ڕۆژی شەممه، ١٤ی ئاوریل، له بڕیارنامەیەکدا، چوونی چاودێرانی ئەو ڕێکخراوەی بۆ سووریه پەسند کرد. ئەمه یەکەمین بڕیارنامەی ئەو شووڕایەیه که له دەستپێکی شەڕەکان له سووریه له مارسی ٢٠١٢ەوه به پەسند گەیشتووه.



سەرەڕای ئەوەی یەکەمین گرووپی چاودێرانی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان پێی نایه نێو سووریەوه، تێکهەڵچوونه خوێناوییەکان لەم وڵاتەدا هەروا درێژەی هەیه.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسه، ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ ڕایگەیاندووه، تا ئێستا پتر له ١١ هەزار کەس له ناڕەزایەتییەکانی سووریەدا گیانیان لەدەست داوه که ٥٥ کەسیان پاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لەم ڕۆژانەی دواییدا، کوژراون.

ئەلعەرەبییه ڕاپۆرتی دا، دەوروبەری شاری حەلەب

## ئەهواز له حەوتەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینیدا، ڕابوو

له حەوتەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ١٥ی ئاوریل، شار و ناوچه عەرەبنشینەکانی ئەهواز، شایەتیی خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیی خەڵك بوو. بەپێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییه، ئەم خۆپیشاندانانه له هێندێ ناوچەی عەرەبنشینی ئەهواز لەوانه کووی ئینقیلاب، مەلاشییه، کوت عەبدوڵڵا، ئەلزویه و هەروەها شارەکانی حەمیدیه، سوسەنگەرد، شووشتەر، خوڕەمشەهر و ئابادان بەڕێوه چوون.

ماڵپەڕی «بەرخۆدانی نەتەوەیی ئەهواز» ڕایگەیاندووه، ژمارەیەك له بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان به هۆی گازی فرمێسکڕێژەوه تووشی تێکچوون بوون، بەڵام له ترسی هێزەکانی ڕێژیم، خۆیان له چوونه نەخۆشخانه بواردووه.

له ناوچەی کوت عەبدوڵڵا له ئەهواز له نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی بەسیجدا تێکهەڵچوون ڕووی داوه. له ناوچەی «مویلحه»، له نزیك شاری «وەیس»یشدا، له نێوان خەڵك و هێزەکانی پۆلیس تێکهەڵچوون ڕووی داوه و یەکێك له مۆرەکانی ڕێژیم بریندار بووه.

له ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٤دا، خۆپیشاندانێکی بەرین هەموو شارەکانی ناوچه عەرەبنشینەکانی ئێرانی گرتەوه که تێیدا ١٥ کەس کوژران و دەیان کەس بریندار بوون و سەدان عەرەبی ئەهوازی دەستبەسەر کران. ئەوان به دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەتیی ئۆستانی خوزستان به قازانجی غەیرەعەرەبەکان ناڕەزایەتییان دەردەبڕی.

پەیڤ

کەریم پەرویزی

## بۆمبی ناوکی و لافاوی لەناکاو

دەڵێن له شوێنێکی ئەم جیهانه پانوبەرینەدا، وەستایەکی خانوو دروستکردن هەبوو که ناو و ناوبانگێکی سەیری له لای کەسانی نیزیك به خۆی هەبوو و شوێنکەوتووانی بەردەوام پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد که وەستایەکی وایه و ئەمه تواناکانی و ئەوه بەهرەکەیەتی! هەندێکی ئەو ناوچه و دەوروبەریش بڕوایان بەو پڕوپاگەندانه کردبوو تاکوو ڕۆژێك کاکی وەستا و بەردەستەکانی ژوورێکی ٣ میتر له چوار میترییان دروست دەکرد و هەتاکوو ئێواره کاریان کرد و میترونیوێك دیوارەکانیان بەرز کردەوه، بەڵام وەستای شارەزا ئێواره له نێو ژوورەکەدا مابۆوه و تازه لێی حاڵی بوو که درگا و پەنجەرەیەکی بۆ نەهێشتۆتەوه که لانیکەم خۆی بێته دەرەوه!

ئاغای خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی که به شەو و به ڕۆژ ئیدیعا دەکەن که زۆر زانا و فەرزانەیه! زیاتر له دوو دەیەیه حکوومەتی تاکەکەسیی لەم وڵاته بەڵاڵێدراوەدا بەدەستەوەیه و ئەوەنده له خۆیان دەرچوون و پێیان وایه که درۆ و پێداهەڵگوتنه له خۆڕاییەکانیان وەڕاست دەرچووه، دەیانەوێ دەستیان به چەکی ناوکی بگا و هەموو وڵاتیان تووشی کێشه کردووه، تاکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له پێناوی مانەوه و پاراستنی نیزام و پەرەدان به سیاسەته تیرۆریستییەکاندا، بۆمبی ناوکی هەبێ و ئیدیعا و پڕوپاگەندەکانیان جیهانی گرتۆتەوه و ناوچەکەشی تووشی ئاڵۆزی کردووه و خەڵکی ئێرانیش لەبەر ئەم سیاسەته هەڵه و سەرەڕۆییانەی وەلیی فەقیه و گۆپاڵ بەدەستەکانی، دەبێ یان گرانی و هەڵایسانی ئابووری و بێکاری و هەزار دەردی دیکەیان به سەردا بێ یان تووشی ماڵوێرانییەکی دیکه ببنەوه و کۆماری ئیسلامی وڵات بەرەو شەڕێکی دیکه ببات.

ئەم وەستا شارەزایەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ئەوەنده له خۆڕازی و ملهوڕ و دەوروبەرەکەشی لێیان وەڕاست گەڕاوه که دەست دەدەنه هەموو جۆره تەبلیغاتێك و فڕوفیشاڵی زۆر دەکەن بەڵام له ناکاو بارانێکی زۆر له بەهاری ١٣٩١ دەبارێ و بارانی بەخوڕی بەهاری له تاران دەبێ به لافاو و هەموو شەقام و گۆڕەپانه سەرەکییەکان دادەگرێ و میترۆی تاران که ساڵانێکه مانۆڕی به سەرەوه دەدەن پڕ دەبێ له ئاو و تازه بۆیان دەردەکەوێ که ئاوەڕۆ و زێرابی تاران و میترۆکەیان درگایەکی تێدا نیه و خەریك بوو له لافاودا بخنکێن!

سیاسەته ئەتۆمییەکەی کۆماری ئیسلامی و پرۆژەی میترۆکەی و زۆر شتی دیکەی، به بێ درگا و پەنجەره دروستی دەکەن و دوایی تێیدا دەمێننەوه و ڕێگای دەربازبوونیان نابێ و به ناچاری زوو زوو دەست له بنەما شەرعییەکان وەردەدەن و فتوایەکی تازەی بۆ دەدۆزنەوه!

## سەردانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە دەفتەری سیاسیی PDKI



هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبەوە پێشوازی لێکرا.
سەر لە بەیانیی رۆژی شەممە، رێکەوتی ۱۹ی خاکەلێوەی ۱۳۹۱ی هەتاوی، هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز باباشێخ حوسێنی، سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی، پێشوازی لێکرا.
لە سەرەتای ئەم دیدارەدا سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر وەزعی سیاسیی کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بارودۆخی نالەباری رێژیمی کۆماری ئیسلامی باسێکی پێشکەش کرد. بەڕێز هیجری ئەو قەیران و کێشانەی کە رێژیم لەگەڵی بەرەوڕووە، خستە بەر باس و رایگەیاند کە رێژیم ئەو قەیران و کێشانەی پێ چارەسەر نابێ و رێژیمی بە قەیرانخولقێن وەسف کرد.
بەڕێزیان هەروەها سەبارەت بە بارودۆخی هێزە سیاسییەکانی کورد دوا و لێك نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتر و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردی بە پێویست زانی.
دواتر کاك باباشێخ روانگە و بۆچوونەکانی سازمانی خەباتی باس کرد و هەر دوولا لەسەر مەسەلەی جێگای بایەخی نێوانیان قسەیان کرد و لەسەر هاوکاریی سیاسی لەگەڵ یەکتر پێداگرییان کرد.


## راپۆرتی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە ئامریکا

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی چەند ئۆرگانی گرینگی ئەمریکای کرد.
نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئامریکا، بە سەرپەرستیی بەڕێز «شەریف بێهرووز» چاوی بە کارگێڕانی دەفتەری سیناتۆر مارك کیرك، کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و بەرپرسانی کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی سێنای ئامریکا کەوت و لەسەر کۆمەڵێك باسی پێوەندیدار بە ناوچە، ئێران، کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.
نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا لەو دانیشتنانەدا وێڕای ئاماژە بە رۆڵی نەرێنیی رێژیمی ئێران لە ئاڵوگۆڕەکان ناوچە، پەڕژایە سەر ئەوەش کە مانەوەی رێژیمی ئیسلامیی ئێران رادەی نائارامییەکانی ناوچە و جیهان بەربڵاوتر دەکات و زیاتر لە جاران بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و وڵاتانی دیکە دەخاتە مەترسییەوە.
بەڕێز بێهرووز، لە رەوتی دیدارەکاندا، وەپەراوێزخستنی زیاتری کۆماری ئیسلامی، هاریکاریی خەڵکی ئێران لە رێگای ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە و بە تایبەت هێزە دێموکراتەکانی و گرینگیپێدان بە ئۆپۆزیسیۆن لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوەی بە باشترین شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ رێژیمی ئێران ناو برد.
ناوبراو باسی ئەوەیشی کرد کە ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی بەرەوپێش دەچن و ئەزموونی وڵاتانی دراوسێ نیشانی داوە کە درووستکردنی بەستێنی لەبار بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز وەکوو ئەڵتێرناتیڤی رێژیم لە پێش دەستپێکردنی قەیرانەکان، پێویستە.
لە لایەکی دیکەوە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کۆڕێکی تایبەت بە ئاڵۆزییەکانی سووریە کە پەیمانگای واشینگتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناقین پێکی هێنابوو، بەشداری کرد.
لەو کۆڕەدا بەڕێز «شەریف بێهرووز»، وێڕای بەشداری لە چەندین باس و پرسی پێوەندیدار، پرسیار و تێبینییەکانی خۆی ئاراستەی کۆڕگێڕان کرد و لەسەر رۆڵی هێزەکانی رێژیم لە ئاڵۆزییەکانی سووریە و پرسی کورد لەو وڵاتە چەند باسێکی پێشکەش کرد.
لە میانەی ئەو کۆڕەدا بەڕێز بێهرووز لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسیی بەشدار لەو کۆڕەدا دیدار و چاوپێکەوتنی پێك هێنا.

## لاوێکی کوردی جوانڕۆ دوای لێدانێکی زۆر لە لایەن مەئمووررانی زیندانەوە، گیانی لە دەست دا

موحسێن قازی زادە، هاووڵاتیی خەڵکی جوانڕۆ دوای لێدانێکی زۆر لە لایەن لێپرسراوانی زیندانی «دیزڵ ئاباد»ی کرماشانەوە گیانی لەدەست دا.
بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، باوکی موحسێن قازی زادە رایگەیاند: کوڕەکەم بە هۆی لێدانی زۆر لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیداری زیندانی «دیزڵ ئاباد»ی شاری کرماشانەوە رۆژی هەینی رێکەوتی ۲۵ی خاکەلێوە گیانی لەدەست دا و ئەمەش لە لایەن پزیشك قانوونییەوە پشتڕاست کراوەتەوە.
بورهان قازی زادە وتیشی: موحسێن تەمەنی ۲۹ ساڵ بوو و ماوەی یەك ساڵ دەستبەسەر کرابوو، بە بەردەوامی سەردانمان دەکرد، بەڵام لە دوو مانگ لەمەوبەرەوە کاتێك بە مەبەستی ملاقاتی سەردانی زیندانم کرد لە لایەن بەرپرسانی ئەو ناوەندە پێیان راگەیاندنم کە ئیزنی چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەت نیە.
باوکی ئەو لاوە تەمەن ۲۹ ساڵە کە خەڵکی ئاوایی «یاری»ی سەر بە جۆانڕۆیە، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئاژانسی کوردپا وتی، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ۲۱ی خاکەلێوە ئیزنی مەرەخەسیم لە لێپرسراونی زیندان بۆ موحسێن وەرگرت و دوای چوار رۆژ لە ماڵەوە گیانی لەدەست دا.
بورهان قازی زادە ئەوەشی خستە روو، بەپێی لێکدانەوەی وردی پزیشك و هەروەها بڕیاری پزیشکی قانوونی، موحسێن بە هۆی لێدانی زۆر لە لایەن لێپرسراوانی زیندانەوە، گیانی لەدەست داوە و هەروەها ماوەی ۲۰ رۆژیش خراوەتە زیندانی تاکەکەسییەوە.
باوکی موحسێن قازی زادە لێدانی کوڕەکەی لە نێو زیندان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە موحسێن ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ ئەفسەرێکی نێو زیندان تووشی کێشە دەبێت و ئەوانیش لە بەرامبەردا، کوڕەکەی دەخەنە ژێر زەخت و گوشارەوە.

## سەردانی هەیئەتی PDKI و PSK لە پارتی وڵاتپارێزی باکووری کوردستان





هەیئەتێکی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری»، سکرتێری گشتیی حیزب و بەڕێز «مەسعوود تەك»، سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ۱۵ی خاکەلێوەی ۱۳۹۱ی هەتاوی، سەردانی پارتی وڵاتپارێزی باکووری کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕێز «بوتان»، سکرتێری پارتی وڵاتپارێز و ژمارەیەك لە ئەندامانی رێبەریی ئەو پارتە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا.
لەم سەردانە دۆستانەیەدا بەڕێز بۆتان خۆشحاڵیی خۆی و هاوڕێیانی بۆ ئەم بەسەرکردنەوە دۆستانەیەی حیزبی دێموکرات و پارتی سوسیالیست دەربڕی.
پاشان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بەگشتی و بە تایبەت لە باکووری کوردستان، چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ ئەم پرسە و روانینی هەرکام لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تورکیە بەرامبەر بە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان باس و راوێژ کرا.
لە بەشێکی دیکەی ئەم سەردانەدا، رەوشی کورد لە سووریە و سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ئەو رێژیمە بەرامبەر بە بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵکەکەی دژی رێژیمی بەشار ئەسەد و سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە تاوانەکانی ئەو رێژیمە دیکتاتۆرە بەرامبەر بە چالاکڤانانی خەباتی سیاسی و مەدەنی لەم وڵاتەدا، رۆڵ و نەخشی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و هەڵوێست و روانینیان لە پێوەندی لەگەڵ داواکانی گەلی کورد لەو وڵاتەدا تاوتوێ کران.
پاشان سیاسەتی دەستێوەردانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئەم رێژیمە لە رێژیمی بەشار ئەسەد و هەوڵدانی بۆ بەربەست پێکهێنان لە بەردەم بەرەوپێشچوونی خەباتی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی سووریە تاوتوێ کرا.
هەروەها ئاماژە بە رەوشی شپرزەی ئابووریی ئێران و گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر رێژیم و شوێندانەریی ئەم گوشارانە لەسەری کرا.
لە کۆتاییدا ئاماژە بە خەبات و تێکۆشانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی خەباتی گەلی کورد لە ئێران و کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی گەلی کورد لەسەر بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران کرا.

## بەشداریی PDKI لە یادی دامەزرانی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستیی بەڕێز روستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی رێکەوتی ۲۸ی خاکەلێوەی ۱۳۹۱ی هەتاوی لە رێورەسمی ۱۹مین ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە لە شاری هەولێر بەشداری کرد.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە لایەن هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی بەڕێز «ئەبوو سابیر»، نوێنەری ئەو پارتەوە پێشوازی لێکرا. هەیئەتەکە پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئاراستەی حیزبی خانەخوێ کرد.

## بەشداریی هەیئەتیکی PDKI لە رێورەسمی یادی یەک ساڵەی کۆچی دوایی «جەوهەر نامیق»دا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێورەسمی یادی یەك ساڵەی کۆچی دوایی بەڕێز «جەوهەر نامیق» لە شاری هەولێر بەشداری کرد.
هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز رۆستەم جهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی، رێکەوتی ۲۸ی خاکەلێوەی ۱۳۹۱ی هەتاوی، لە رێورەسمی یادی یەك ساڵەی کۆچی دوایی «جەوهەر نامیق سالم» لە شاری هەولێر بەشداری کرد.
لەو رێورەسمەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبی بەشدار بوون. بەڕێزان کۆسرەت رەسووڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەرسەلان بایز، سەرۆکی پارلمانی کوردستان، نێچیروان بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کەریم سەنجاری، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری هەولێر پەیامەکانی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.
هەرەها پەیامی بنەماڵەی خوالیخۆشیبوو، لەگەڵ ژمارەیەك شیعر و فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانی جەوهەر نامیق پێشکەش کرا.
جەوهەر نامیق کەسایەتییەکی سیاسی و ناسراوی کوردستان، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێك لەو سیما ناسراوانە بوو کە رۆڵێکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، لە باشووری کوردستاندا هەبوو. لەو ماوەشدا کە وەکوو سەرۆکی پارلمانی کوردستان خزمەتی کرد، رۆڵێکی بەرچاو و دیاری گێڕا.

## تەیموور ئەلیاسی بۆ ئەندامی بەڕێوەبەریی «رێکخراوی کۆچبەانی سوسیالیستی سویس» هەڵبژێردرا

هەیئەتێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژێنێڤ، لە پێکهاتنی «رێکخراوی کۆچبەرانی سوسیالیستی سویس»دا بەشداری کرد.
هەیئەتێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ بە سەرپەرستیی تەیموور ئەلیاسی، رێکەوتی ۲٦ی خاکەلێوەی ۱۳۹۱ی هەتاوی لە سمیناری پارتی سوسیالیستی سویس کە سەبارەت بە پرسی «ئینتگراسیۆنی کۆچبەران و پەنابەرانی ئەو وڵاتە»، لە شاری بێرن پێکهاتبوو، بەشداری کرد.
ئامانجی سەرەکیی سمینارەکە بەشداریی کۆچبەران و پەنابەران لە کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی وڵات و هەروەها دامەزراندنی رێکخراوی کۆچبەرانی سوسیالیستی سویس بوو.
لە ئەنجامی تاوتوێکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕادا، کۆمیتەیەك بۆ بەڕێوەبردنی «رێکخراوی کۆچبەرانی سوسیالیستی سویس» پێك هات و بەڕێز «تەیموور ئەلیاسی» وەکوو ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو کۆمیتەیە هەڵبژێردرا.
پارتی سوسیالیستی سویس دوو رێکخراوی دیکەی بە ناوەکانی «لاوانی سوسیالیست» و «ژنانی سوسیالیست» دامەزراندووە.
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی رێکخراوی کۆچبەرانی سوسیالیستی سویس راسپێردراوە لە کۆنگرەی داهاتووی پارتی سوسیالیستی سویسدا بەرنامە و پرۆگرامی خۆی پێشکەش بکات.
یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژێنێڤ، پاڵپشتیی ئینتگراسیۆنی پەنابەرانی کورد لە وڵاتی سویسە.

## سمینارێک لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی ئێران لە پارلمان سوئێد بەڕێوە چوو

کۆڕێك لە ژێر ناوی «ئێران داهاتوویەکی بێ زوڵم و زۆری دەبێ؟»، رێکەوتی ۲٦ی خاکەلێوە لە یەکێك لە هۆڵە ناسراوەکانی پارلمانی سوئێد بەڕێوە چوو. سەرەتا «فرێدریك مالم»، ئەندامی پارتی لیبراڵی خەڵك لە بەشی سیاسەتی دەرەوە و ئەندامی پارلمان بە کورتەیەك لەسەر سیاسەتی دونیای دەرەوە بەرانبەر بە ئێران سمینارەکەی کردەوە. پاشان بەڕێز ئیدریس ئەحمەدی باسێکی تێروتەسەلی لەسەر سیاسەتە دەرەوەییەکانی وڵاتی ئێران پێشکەش کرد. تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەی ناوبراو، وەڵامدانەوە بە چەند پرسیار بوو کە بریتی بوون لە: «دونیای دەرەوە بۆ گوشار هێنان بۆ سەر رێژیمی ئێران چی دەکات، چ رێگەیەك پێویستە بگیردرێتە بەر و چ رێگەیەك هەتا ئێستا گیراوەتە بەر؟ یەکیەتیی ئورووپا بۆ زۆرترکردنی گوشار بۆ سەر رێژیمی ئێران چ رۆڵێکی هەیە؟»
دواتر بەڕێز مێهرەنگیز کار، پارێزەر و چالاکی مافی ژنان لە ئێران، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی «براون» لە «رۆد ئایلەند» لەمەڕ مافی ژنان و توندوتیژیی رێژیم بەرانبەر جیابیرەکان، رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و ئەوەی کە سوئێد و یەکیەتیی ئورووپا چۆن دەتوانن ئوپۆزیسیۆن بەهێز بکەن؟، دوا.
پاشان بەڕێز میرۆ عەلیار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها بەڕێز مریەم عەلیپوور، کارناسی بواری مافەکانی ژنان لەمەڕ فرەجۆری لە ئێراندا قسەیان کرد. کاك میرۆ باسێکی لەسەر کورد و نەتەوە جیاجیاکانی ئێران و ئەوەی کە لە ئێراندا هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی دیکە زۆرتر نیە و هەموو نەتەوەیەك لە ناوچەی خۆیاندا «زۆرترین»ی خەڵکی ئێران پێك دێنن، قسەی کرد. خاتوو مریەم عەلیپووریش سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان لە پێکهاتەی سیاسیی ئێران و یاسای بنەڕەتیی رێژیم وتارێکی پێشکەش کرد.
بەڕێز ناتان شاچار(Bathan shachar)، هەواڵنێری رۆژنامەی «داگێنز نیهێتێر» لە ئورشەلیم، باسێکی لەسەر ئیسرایل، سوریە و ئێران پێشکەش کرد و باسی پێوەندیی ئەوان و کۆماری ئێسلامی کرد و بە وردی خاڵەکانی دەستنیشان دەکرد و لە باسەکەیدا گەڕایەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی و یارمەتیی ئەو کۆمارە بە رێکخراوە ئیسلامییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لە دوایین بەشی سمینارەکەدا، بەڕێز شەهریار ئاهی، یەکێك لە پێکهێنەرانی «یەکیەتی بۆ ئێران» باسی مێژووی دەوڵەمەندی وڵاتی ئێران، سیاسەتی بە بنبەستگەیشتووی کۆماری ئیسلامی و هەروەها هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی داهاتووی ئێرانی کرد.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی شاری بۆکان بە هۆی جێگیرنەبوونی باری ئەمنی داخران

قوتابخانە سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندییەکانی شاری بۆکان بە نارەزایەتی بە چەندین حاڵەتی «منداڵ ڕفاندن» لە رۆژی دووشەممەوە داخران.

بەپێی هەواڵی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کۆمەڵێك لە فەرهەنگییەکانی شاری بۆکان رایانگەیاندووە، بە داخەوە بەدواداچوونی هاووڵاتییان و سەردانیان بۆ ناوەندە قەزایی و ئینتزامییەکان لەمەڕ پرسی ١٠ حاڵەتی «رفاندنی منداڵ»، بێ‌وەڵام ماوەتەوە و لەو پێوەندییەدا فەرهەنگییەکانی شاری بۆکان هەڵویستی داخستنی قوتابخانەکانیان گرتۆتە بەر.

لە درێژەی ئەم هەواڵەدا هاتووە، لە چەند رۆژی رابردوودا لە شاری بۆکان چەند کەسی ماتۆڕسوار دەستیان داوەتە رفاندنی قوتابییانی ناوەندی و دواناوەندی و سەرەڕای دەستدرێژیکردن بۆ سەریان، گیانیشیان لێ‌ئەستاندوون و زۆربەی شەوەکانیش بە زەبری چەقۆ هەڕەشە لە هاووڵاتییان دەکەن.

هاووڵاتییانی بۆکانی لەحاڵی حازردا رەخنەی توندیان لە کەمتەرخەمی لێپرسراوان و ناوەندە پێوەندیدارەکان هەیە و ئیعترازی خۆیان بە کردەوەی ئەو کەسانە کە هەڕەشە لە گیانی هاووڵاتییان دەکەن، دەربڕیوە.

## کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بەدەستی نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لێ ئەستێنرا

چەند رۆژ لەمەوبەر کۆڵبەرێکی دیکەی کورد لە ناوچەی چاڵدوران کەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و گیانی لێ ئەستێنرا.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەحمەد ئەموویی میلان، تەمەن ٢٤ ساڵ لە کاتێکدا کە بەتەمای چوونە دەرەوە لە یەکێك لە گوندە سنوورییەکانی ئەو ناوچەیە بووە، بە دەستڕێژی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لەدەست داوە.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری «خۆی»یەوە لە درێژەی راپۆرتەکەدا رایگەیاندووە، ئەحمەد ئەموویی میلان خێزاندارە و منداڵێکی ٩ مانگەی هەیە.

ئەو کۆڵبەرە، خەڵکی ناوچەی «چاڵدوران»ی سەر بە شاری ماکۆیە و بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی پیشەی پڕمەترسیی کۆڵبەری هەڵبژاردووە.

لە رۆژانی سەرەتای ساڵی ١٣٩١دا، دوو کۆڵبەری دیکەی کورد یەکیان بەهۆی سەرما و ئەوی دیکەشیان بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لەدەست دا.

## دەسبەسەرکردنی پێنج هاووڵاتی لە شارەکانی تیکاب و پیرانشار

پێنج هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی ئەمنییەتی لە لایەن هیزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە دەسبەسەر کران.

پێنج هاووڵاتی لە شارەکانی پیرانشار و تیکاب بە ناوەکانی ئازاد میرزا رەحمەتی، یووسف ساڵحزادە، عەباس عیبادی، محەممەد مەحموودی و حوسێن هیدایەتی، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کران.

بەپێی ئەم راپۆرتە ئەو پێنج هاووڵاتییە، نزیکەی یەك مانگ پێشتر دەسبەسەر کرابوون و ئێستاش بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ راگوێزراونەتەوە.

هیچ هۆکار یان هۆکارگەلێك لەمەڕ دەسبەسەرکردنی ئەو پێنج هاووڵاتییە لە لایەن دەزگا قەزاییەکانی رێژیمەوە رانەگەیەنراوە و هەر لەو کاتەدا بەپێی سەرچاوەکە وێدەچی تۆمەتی ئەو هاووڵاتییانە ئەمنییەتی بێت.

## گەڵاڵەی بەئەمنییەتیکردنی کوردستان لە لایەن سپای پاسدارانەوە درێژەی هەیە

بەپێی راپۆرتەکان، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی بەئەمنییەتیکردنی کوردستاندا لە گوندەکانی چیای شاهۆ لە هەورامان، چەندین پایەگای دروست کردووە و دەیهەوێ بەو کارە کونترۆڵی ناوچەکە و بەتایبەت گوندی «دەڵەمەرز» بکات.

هەروەها لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، رێژیم لە گوندی «سیاناو»ی سەر بە شاری مەریوان، خەریکی نۆژەنکردنەوەی پێگە نیزامییەکانی ئەو گوندەیە.

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەمنییەتیکردنی کوردستان و شوێنە گەشتارییەکانی چیای «سوورێن»یشی بە دانانی دەکەڵی چاوەدێری گرتووەتە بەر و بەتەواوەتی هاتوچۆی هاووڵاتییان بۆ سەیرانگاکانی شاخی سوورین کونترۆڵ دەکات.

## لە شاری سایین قەڵا بە بیانووی کۆکردنەوەی ماهوارە ماڵی هاووڵاتییان دەپشکنن

هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە بیانووی بوونی ماهوارە، هێرشیان کردۆتە سەر گوندی «ئینگیجە»ی سەر بە ناوچەی «هۆڵەسوو»ی شاری سایین قەڵا و دەستیان کردووە بە پشکنینی ماڵان و ئەزییەت و ئازاری هاووڵاتییان.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە سایین قەڵا، رێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوە هێزێکی زۆری نیزامیی حکوومەتی ئێران، بە بیانووی بوونی دەزگای ماهوارە رۆیشتوونەتە گوندی «ئێنگیجە»ی سەر بە شاری سایین قەڵای پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا و وێڕای ئازار و ئەشکەنجەی خەڵك ماڵەکانیان پشکنیوە و ١٥ دەزگای ماهوارەیان زەوت کردووە و لەگەڵ خۆیان بردووە.

هەواڵنێری کوردپا لە زاری شایەتحاڵانەوە رایگەیاندووە، لە کاتی پشکنینی ماڵی هاووڵاتییاندا تێهەڵچوون لە نێوان خەڵك و هێزە نیزامییەکاندا رووی داوە.

شەپۆلێکی دیکە لە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی کۆکردنەوەی ماهوارە لە کاتێکدا لە ناوچە کوردنشینەکان دەستی پێکردۆتەوە، کە ئەحمەدڕەزا رادان، جێگری هێزی ئینتزامیی حکومەتی ئێران رایگەیاندووە: گەڵاڵەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا توندتر دەکرێتەوە و یەکیان گەڵاڵەی کۆکردنەوەی دیشی ماهوارەکانە.

## دانانی بۆرجەکی نیزامی لە سەیرانگاکانی مەریوان

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە دانانی بۆرجەکی چاوەدێری لە بەرزاییەکانی شاخی سوورێن، هاتوچۆی گەشتیارانی بۆ ئەو ناوچەیە قەدەغە کرد.

هێزەکانی سپای پاسدارانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە یەکێك لە سەیرانگاکانی شاری مەریوان، بە ناوی «سوورێن» بۆرجەکی چاوەدێری (دیدەبانی)ی داناوە و هاتوچۆی هاووڵاتییانی بۆ ئەو سەیرانگایە قەدەغە کردووە.

رێژیمی بەو کردەوەیەی دەیهەوێ ئەگەری هاتوچۆی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ نێو خاکی کوردستانی ئێران کونترۆڵ بکات.

هێزەکانی رێژیم بە ناوی بەڕێوەبردنی مانۆڕی نیزامی، ئەمنییەتی ناوچەکەیان ئاڵۆزتر کردووە و کێشەیان بۆ هاووڵاتییان و خاوەن زەوی و لەوەڕگەکان دروست کردووە، بە جۆرێك کە تووشی خەسارێکی قەرەبوونەکراویان کردوون.

## پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆچی دوایی کرد

پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان و باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی شپیران کۆچی دوایی کرد.

«ئەحمەد مەردی» خەڵکی گوندی «شێرەنی»ی ناوچەی شپیران، رێکەوتی ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی، کۆچی دوایی کرد.

مام ئەحمەد لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان، وەکوو لاوێکی خاوەن هەستی نەتەوایەتی و لە هەمان کات وەکوو بەرپرسی کۆمەڵێك لە سوارەکانی شیمالی کوردستان، لە شاری مەهاباد ئامادە بووە و دوای راگەیاندنی کۆماریش وەك دەرەجەدارێکی سوپای میللی خزمەتی کردووە.

ئەحمەد مەردی دوای رووخانی کۆماری کوردستان وەك زۆربەی پێشمەرگانی ئەوکات گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی و پاش ساڵانێکی زۆر مانەوە لە شاخەکانی کوردستان، کەوتە داوی ژاندارمەکان و دەسبەسەر کرا. پاش چەند ساڵێك وەبەر لێبوردنی حکوومەتی کەوت و هاوکات لەگەڵ خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید نەحۆ پاشۆ (باپیر شکاك) ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ بوو.

ناوبرا پاش راپەڕینی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزب، لە یەکەم دەرفەتدا دەچێتەوە شاری مەهاباد و پێوەندی بە حیزبەوە دەکات.

کاك ئەحمەد هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، وەکوو فەرماندەری دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەڵماس خەباتی خۆی دەست پێ کردەوە دوواتر لە ناوچەکانی ماکۆ، خۆی و قوتور درێژەی بە خەبات دا.

کاك ئەحمەد بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەتا ساڵی ١٣٦٣ درێژەی بە خەباتی چەکداری دا و بە هۆی چوونە سەری تەمەنی بە ناچار خانەنشین کرا.

دوای ماوەیەك یەکێك لە کوڕەکانی بە ناوی «نیزام مەردی» ناردە نێو ریزەکانی حیزب و نیزام وەك باوکی، مرۆڤێکی بەوەفا و دێموکرات بوو، کە بەداخەوە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٦ لە گوندی سوڵتانی لەگەڵ «مەدەنی جەهاندیدە» لە لایەن رێژیمەوە بە دیل گیران و دواتر هەر دووکیان ئێعدام کران.

تەواوی ئەو ساڵانە مام ئەحمەد بە ئاواتی ئەوە بوو کە دووبارە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە نێو خاکی نیشتیمان. بۆیە مام ئەحمەد وەك کەسایەتییەکی خاوەن رێز و حورمەت هەردەم لای خەڵك بە پێشمەرگە دەناسرا و ئەویش شانازی بەو نازناوە دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی کەسوکار و بنەماڵەی کاك ئەحمەد دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداری خەمیان دەزانێت.

## گیان لەدەستدانی دوو برای شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان

دوو برای شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێن لە ناچەی سنە گیانیان لەدەست دا.

دوو کەس بە ناوەکانی «هیوا گەویلی» و «کاوان گەویلی» رێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێنی هاتوچۆ لە رێگای سنە ـ دیواندەرە، گیانیان لەدەست دا.

هیوا و کاوان، برای شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «سەعید گەویلی» و هەروەها خەڵکی گوندی «کێڵانە»ی سەر بە شاری سنە و دانیشتووی شاری سنە بوون.

شەهید سەعید یەکێك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە هاتە نێو ریزەکانی حیزب و لە هیزی شەریفزادە سازمان درا و لە رێکەوتی ٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی هیوا و کاوانی کۆچکردوو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## قەیرانی ئابووری، رێژیمی ناچار بە دەرکردنی کارتی سەوزی هاتوچۆ بۆ سنوورنشینان کردووە

رێژیمی ئێران لە ژێر گوشاری گەمارۆ ئابوورییە نێونەتەوەییەکاندا ناچار بووە بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسارە ئابوورییەکان، کارتی هاتوچۆی سەرسنوورەکان، بە مەبەستی ئاڵوێری شتومەك دەربکات.

بەپێی راپۆرتە لەبەردەستەکان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی سۆما و برادۆست گەڵاڵەی ناونووسیکردن بۆ دانی کارتی سەوز بە سنوورنشینانی بە تەواوی جێبەجێ کردووە و لە ناوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕیش دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە کردووە.

گەڵاڵەی ناونووسی بۆ وەرگرتنی کارتی سەوز کە بۆ هاتوچۆ و کڕین و فرۆشتنی شتومەك لەسەر سنوورەکانی ئێران کەڵکی لێ وەردەگیردرێت، لە لایەن شوورای گوندەکان، یان «دهداری» بەڕێوە دەچێت.

گەمارۆ ئابوورییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ناچار کردووە بۆ دابینکردنی شتومەکی پێویست و کەمکردنەوەی گوشاری گەمارۆکان، هاوردەکردنی شتومەکی بیانی قەبووڵ بکات.

دەرکردنی ئەم کارتانە بۆ هاووڵاتییان لە حاڵێکدایە کە رێژیمی ئێران پێشتر نەك هەر بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە بێبەشکراوە کارتی هاتوچۆی دەرنەدەکرد، بەڵکو بەردەوام ئەوانی دەکردە ئامانجی گوللەی خۆیان و دەبوونە قوربانی، کە ئەو رەوشە هەنووکە لە زۆربەی ناوچە سنووری و شاخاوییەکانی کوردستان بەردەوامە و گرتنەبەری سیاسەتێکی دووفاقیانەیە لە پێوەندی لەگەڵ کاسبکارانی سەرسنوورەکان.

## سەپاندنی سزای ٥ ساڵ زیندان بە سەر گیراوێکی کورددا

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، کەسێك بە ناوی ئیبراهیم ئەحسەن، خەڵکی گوندی «یولۆگەردی»، سەر بە شاری ماکۆ لە لایەن دادگای بەناو شۆڕشی شاری خۆیەوە سزای زیندانی بۆ بڕاوەتەوە. بەپێی ئەو راپۆرتە ئیبراهیم ئەحسەن کە زیاتر لە ٤ ساڵە لە زینداندایە، لە لایەن ئەو دادگایەی رێژیم لە «خۆی» بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی، حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە. شایانی باسە کە ناوبراو ئێستا لە زیندانی ورمێ خەریکی تێپەڕاندنی باقی ئەوە ماوەی زیندانییەیە کە بەسەری سەپاوە.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شاری چوارقوڕنە

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە شاری چوارقوڕنە بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

ئەندامێکی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ناوی «ئایشێ مەحموودی»، کچی مەحموود، خەڵکی گوندی «رەشە هەرمێ»ی سەر بە ناوچەی سەردەشت، رێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی لە شاری چوارقوڕنەی کوردستان عێراق بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری خوشکە ئایشێ دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە نۆدشە کۆچی دوایی کرد

خاڵۆ «عەبدوڵڵا شکووهی»، باوکی شەهید «مەهدی شکووهی» لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە شارۆچکەی نۆدشە بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاڵۆ عەبدوڵڵا شکووهی، باوکی شەهید مەهدی شکووهی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی، پاش ٨٠ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانانی، کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو بۆ ماوەی ٤ ساڵ بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە زیندانی «دیزڵ ئابادی» کرماشان زیندانی کراوە و دواتر لە لایەن چەند دەستوپێوەندییەکی رێژیمەوە ئازار و ئەشکەنجە دراوە.

خاڵۆ عەبدوڵڵا ئەندامێکی دڵسۆز بوو و رزگاریی گەلەکەی ئاواتی بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ئامانجی حیزب و رێبازی کوڕە شەهیدەکەی وەفادار مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو خاڵۆ عەبدوڵڵا شکووهی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی باوکی دوو شەهیدی ریگای رزگاریی کوردستان

باوکی دوو شەهیدی رێگای رزگاری و سەربەستیی کوردستان لە تەمەنی ٨٥ ساڵی لە شاری بۆکان ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

باوکی دوو شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان و کەسایەتیی خۆشەویستی شاری بۆکان، بەناوی «سەید فەتاح سەیدئەحمەدی»، شەوی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

سەید فەتاح، باوکی دوو شەهید بە ناوەکانی «سەید تاهیر سەیدئەحمەدی» و «سەید ئەسعەد سەیدئەحمەدی» و هەروەها خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و جێگای متمانەی خەڵك بوو.

ناوبراو بەردەوام خەڵك و بنەماڵەی شەهیدانی بە دوارۆژێکی گەش و بەختیار دڵخۆشی دەدانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە شاری کامیاران کۆچی دوایی کرد.

دایە «زەینەب کەمانگەر»، دایکی پێشمەرگەی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «محەممەد کەمانگەر»، ناسراو بە «حەمە شوان» بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

محەممەد کەمانگەر لە شەڕێکی دژوار لەگەڵ هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گوندی «تەنگیسەر»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لە رێکەوتی ١٦ی رێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی بریندار بوو و دواتر بە هۆی قورسیی برینەکەی لە گوندی «سەرڕێز» شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی ئاراستە بنەماڵە و کەسوکاری دایە زەینەب دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## گیان لەدەستدانی ئەندامێکی لاوی PDKI لە شاری شنۆ

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێن لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا کوچی دوایی کرد.

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی رێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی «کەماڵ ئەحمەدی»، کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «نەڵیوان»ی سەر بە شاری شنۆ، بە هۆی رووداوی هاتوچۆ لەسەر رێگای گوندی «گورگاوێ»، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا گیانی لەدەست دا.

تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا لە گۆڕستانی شەهیدانی شنۆ بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بەشەریك و بەشداری خەمیان دەزانێت.

## ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لەگەڵ ڕێژیم

# کورتەڕاپۆرتێک لە دیداری بەڕێز مستەفا هیجری و بەڕێز فابیان

■ وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار فانی

■ وەرگێڕان بۆ کوردی: کوردستان

لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٠دا، بەڕێز فابیان دەرەتانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ پێك هات. ئەم دیدارە پاش سەفەری ئەمدواییانەی بۆ کوردستانی عێراق کە نیشتمانیی زۆرێك لە خەڵکی کوردە، پێك هات. لەم چاوپێکەوتنەدا، دەرەتانێك بۆ وتووێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەمەڕ هەلومەرجی هەژێنەری سیاسیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم کە بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرێ و هەروەها لەو بارەوە کە سەرانی ڕێژیم بەدوای پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیی ناوکی بە ئامانجی شەڕخوازانەوەن، لە نێوانیاندا پێك هات.

بەڕێز هیجری تا ئێستا لە چەندین پیلانی تیرۆریستی گیانی پارێزراو ماوەتەوە، دوایین نموونەکەی لە ساڵی ١٣٨٦ هەتاوی بوو کە پیلانێکی تیرۆریستی دژی بەڕێوە برا. سەرەڕای ئەمەش، بەڕێزیان هێشتا بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، پشتیوان و داکۆکیکاری حکوومەتێکی دێموکراتیك، فێدراڵ و سێکۆلار لە ئێراندایە.

ئەم چاوپێکەوتنە لەسەر بانگهێشت و خانەخوێیی بەڕێز فابیان لە بەڕێز هیجری لە بینای پارلمان (بریتانیا) بەڕێوە چوو. بەڕێز هیجری لەم دیدارەدا، بیروبۆچوون و ڕوانگەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەی ئێرانی لەگەڵ بەڕێزیان خستە بەرباس. بەڕێز فابیان، ئەندامی پارلمان و کەسێکە کە زۆر شارەزای پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و گرینگییەکی زۆر بە بارودۆخی ڕوو لە گەشە و پەرەئەستێنی ئێران دەدا.

بەڕێز هیجری وتیان کە:

١. چاکسازی لە ڕێژیمی هەنووکەدا نەلواوە. هەڵبژاردنی دواجار ئەمەی سەلماند. ڕێژیم بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕەوایی جەماوەری لە هەڵبژاردنەکان کەڵك وەردەگرێ. هەر چۆنێك بێ، لەوێڕا کە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا نە ئازادانە و نە دادپەروەرانەن، بە دڵنیاییەوە ئەو ڕەواییەی کە ڕێژیم بانگەشەی بۆ دەکات، بەدەست نایێت و ئەو ڕێژیمە پشتیوانیی خەڵکی لەگەڵ نیە. ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پشتیوانیی زۆرینەی لەگەڵ بوایە، ئەوا بە هەڵبژاردنی ئازادانە و دادپەروەرانە ئیزن دەدرا.

٢. گەمارۆکان کاریگەرییگەلێکی شایانی سەرنجیان لەسەر ئابووریی ئێران داناوە. یەکەی دراوی ئێران لە بەرامبەر دۆلاردا پتر لە ٤٠ لە سەد بەهای دابەزیوە و ئەمەیش خۆی بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی سەرمایەدانان. سەرەڕای ئەوەش، ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت بە ڕادەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە و ئاماری بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. کەوابوو دەکرێ ئەو ئاکامگیرییە بکەین کە نارەزایەتیی خەڵك بەنیسبەت ڕێژیم بە هۆی گەمارۆکانەوە زیاد بووە. هەر چەند ڕێژیم هەوڵ دەدا کە ئۆباڵی بارودۆخی ناسەقامگیریی ئابووری بخاتە مل وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵام خەڵك بۆ خۆیان لەو ڕاستییە ئاگادارن کە ئەوە سیاسەتی دەرەکییە کە هۆکاری گەمارۆکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لێبڕاوانە لەو بڕوایەدایە کە گەمارۆکان لەسەر توانایی ڕێژیم بۆ درێژەپێدانی سیاسەتە تێکدەرانەکانی لە ناوچەکەدا کاریگەری هەبووە. سەرەڕای ئەمەش، گەمارۆکان بە تەنیایی ناتوانن ببنە هۆی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و سیاسەتی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەیدا یان ببنە هۆی پشتیوانی نەکردنی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیاجیاکان لە ناوچەکەدا.

سەرنجدان و پێداگریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر مەسەلەی چەکی ناوکی، لۆژیکی و شایانی درکپێکردنە. نیگەرانیگەلێکی جیددی هەیە لەوەی کە پێویستییە عەقڵانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ لەنێوچوونی دوولایەنە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوکی لە لایەن ڕێژیمی مەزهەبی ئێرانەوە گرینگی پێ نەدرێ و هەر لەم کاتەدا ناکرێ هەڕەشەکانی وەها ڕێژیمێك بەنیسبەت وڵاتی ئیسرائیل بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ.

جگە لەم هەڕەشە و مەترسییانە، ئێرانێکی ناوکی دەتوانێ ببێتە بەستێنساز و دنەدەری ڕکەبەری لە بواری چەکوچۆڵەوە لە ناوچەکەدا و هەنووکە شایەتی ئەوەین کە وڵاتگەلێك وەك عەرەبستانی سعوودی، تورکیە و میسر لە ڕێڕەوی بوون بە وڵاتێکی ناوکی هەنگاو دەنێن. هەر بەو ئەندازەش نیگەرانی لەو سیناریۆیە هەیە کە ڕێژیمێکی تەیار بە چەکی ناوکی لە تاران بەمەبەستی پەرەپێدانی هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵراوتر لە ڕابردوو پشتیوانیی خۆی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی پەرەپێبدا و ببێتە هۆی ناسەقامگیریی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. پێداگری لەسەر چەکوچۆڵی ناوکی بەبێ سەرنجدان بە تاوانەکانی ڕێژیم لە بواری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنانەوە، هەر لەو کاتەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێرانییەکان وا بیر بکەنەوە کە ئێمە گرینگییان پێ نادەین.

٤. ئێمە لەسەر ئەوە باوەڕین کە لە جیاتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ڕێژیم، کاتی ئەوە هاتووە کە بیر لە چۆنیەتیی گۆڕینی ڕێژیم بکەینەوە. هەر لەم پێناوەدا، کاریگەرترین ڕێگە، پشتیوانی و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیك لە ئێراندایە.



هەڕەشە بە هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوەندە ناوکییەکانی ئێران بەو هۆیەوە کە نابێتە هۆی گۆڕینی ڕێژیم، کەڵکی نابێ. ئەگەر وەها هێرشگەلێك بکرێن و ڕێژیم دیسانیش لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، توندوتیژی بە دژی خەڵك زیاتر دەکات. هەر چۆنێك بێ دەبێ لەسەر ئەم بابەتە جەخت بکرێتەوە کە لە ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە خەڵك پشتیوانی لە ڕێژیم ناکەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە پشتیوانی و بەهێز بکرێ، هیوا و متمانەیەکی زیاتر لە دڵی خەڵکی ئێراندا دەبووژێتەوە و بە شێوەیەکی بەرینتر پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆن دەکەن.

بۆ نموونە، نوێنەرانی پارلمان دەیانتوانی بە بانگهێشتکردنی ئۆپۆزیسیۆن، لەسەر پرسی چۆنیەتیی پێکهێنانی یەکگرتوویی زیاتر لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان، ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

بە پشتیوانی و پاڵپشتی لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، کەشێکی کراوەتر و بەستێنێکی لەبارتر بۆ پرۆسەی دێموکراسی پێك دێ.

بەڕێز فابیان لەسەر هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دژایەتی لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازیی ڕۆژئاوا لە پێناو ڕووخاندنی حکوومەتی ئێران جەخت دەکاتەوە.

ئەگەر لە چالاکیی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن پشتیوانی بکرێ، چالاکی ئەو کەسانەی لە نێوخۆی ئێراندا بەدوای گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانەوەن، بەردەوامیی زیاتری دەبێ و ئەمەش خاڵێکە کە بەڕێز فابیان پێداگری لەسەر دەکاتەوە. بەڕێز فابیان دەڵێ: «لە ڕۆژانی داهاتوودا، هەڵوێستی حکوومەتی ئێران لە هەمبەر پشکێنەرانی ناوکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵگەیەکی متمانەپێکراو دەبێ بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا ڕووڕاستییەك لە دەربڕینەکانی ڕێژیمی ئێراندا هەیە یان لە بنەڕەت ڕا بەدوای تێکدانی هەرچی زیاتری هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدایە».

سەرچاوە:
Leedsne.co.uk/iran

# دەربڕینی جیاواز و ئامانجی هاوبەش

■ ڕەزا فەتحوڵلانژاد

ناکۆکی لە بیروبۆچوون و لێڕوانینەکان بەنیسبەت چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئامریکا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەو ڕێژیمە کاریگەری دانابێ، کاریگەری لەسەر دیاریکردنی هێڵە سوورەکانی نێو کایەی باڵەکان لەو ڕێژیمەدا داناوە. هاشمی ڕەفسەنجانی لەم دواییانە وتووێژێکی پڕهەراوهوریای لەگەڵ «وەرزنامەی لێکۆڵینەوە نێونەتەوەییەکان» کرد کە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ناوبراو لەمەڕ پێوەندیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا و هەروەها باسکردن لەو هەنگاوە کردەکییانەیە کە ئەو لە سەردەمی سەرکۆماریی خۆیدا هەڵیهێناوەتەوە.

ڕەفسەنجانی وتوویەتی کاتی خۆی لە نامەیەکدا بۆ خومەینی نووسیوە «ئامریکا زلهێزی جیهانە. مەگەر ئورووپا لەگەڵ ئامریکا، چین لەگەڵ ئامریکا و ڕووسیە لەگەڵ ئامریکا چ جیاوازییەکیان لە ڕوانگەی ئێمەوە هەیە؟ ئەگەر لەگەڵ ئەوان وتووێژ دەکەین، بۆچی لەگەڵ ئامریکا وتووێژ ناکەین؟»

ناوبراو لە وتووێژەکەدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە «ئیسلام بڕیاری نەداوە کە پێوەندیمان لەگەڵ ئەوانەی کە دژی بیروباوەڕی ئێمەن، بپچڕێنن یان لەگەڵیان قسە نەکەین»، بە ئاماژەی پەنانەکی بە پێوەندی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چین، کورەی باکوور، کووبا و وێنێزۆئێلا و چەند وڵاتی کۆمۆنیستی دیکە، دەڵێ: «بە شێوەی سرووشتی ئەگەر بەپێی بیروباوەڕ کار بکەین، لەگەڵ ئەو وڵاتە ئیلحادییانە کە هەر خوا و مەعنەوییاتیان قبووڵ نیە، نەدەبوا هاریکاری بکەین. بەڵام ئێستا لەوان نزیکترین».

ڕەفسەنجانی قامکی لەسەر هێندێ ڕاستی داناوە کە دەرخەری ئامانج و مەبەستە پشتی پەردەکانی کۆماری ئیسلامی لە پچڕانی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکا و دروشمدان دژی ئەو وڵاتەیە. ڕاستییەك کە زۆر جار ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە قامکیان لەسەر داناوە کە چ نیە جگە لە بەتابۆکردنی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئەو «زلهێزەی جیهان». وەك ڕەفسەنجانی بە شێوەی تایبەتیی خۆی باسی کردووە، دژایەتیی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئامریکا بەو جۆرەی کە خودی سەرانی ڕێژیم و لەوانە خامنەیی بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆ بنەما بیروباوەڕییەکانی نیزام ناگەڕێتەوە، چوونکە گەر وابا، خۆ ئامریکا بەپێی یاسا بنەڕەتییەکەی، ڕێز بۆ هەموو بیروباوەڕێك و لەوانە بیروباوەڕە مەزهەبییەکان دادەنێ و لە نێوخۆی وڵاتەکەیشیدا ئیزنی بە موسوڵمانان داوە کە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن و بۆ ئایینەکەیان بەپێی یاسا پڕوپاگەندە بکەن، بەڵام لە چین و ڕووسیە بە هەزاران موسوڵمان کوشتوبڕ کراون و ئەو ڕێژیمە دەنگیشی لێوە نەهاتووە.

ئەم ڕاستییانە دەریدەخات کە هۆکاری دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا لانیکەم ئەوەندەی کە لە ڕواڵەتدا دیارە، نەك بنەما بیروباوەڕییەکان بەڵکوو بنەمای نێوخۆیی هەیە. ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە بە دوورکەوتنەوە لە ئامریکا، ئەگەری دەستێوەردانی ئەو زلهێزە لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئێران لەنێو ببات و ئەو دوژمن سازییەش بکاتە بیانوویەك بۆ هێرشکردنە سەر دەنگە جیابیر و دژە نێوخۆییەکان. بەگشتی ئامریکا ئەوەندەی لە هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئێران قازانج دەکات، ئەوەندە لە دوژمنایەتیکردنی قازانج ناکات و ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە لە هەنگاوی یەکەمدا لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی سەرەڕۆیی و ئامانجە تیرۆریستییەکانی، بە پێویستی زانیوە پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەوە وڵاتە بپچڕێنێ کە زیانەکەی پێش هەموو لایەك، بۆ خەڵکی ئێران بووە و هەیە.



ڕەفسەنجانی ئەگەرچی لە سەردەمی سەرکۆمارییەکەیدا دروشمی «تنش زدایی» (سڕینەوەی تەنگەژەکاندا) هەڵگرتبوو و تا ڕادەیەك لەم پێناوەدا هەنگاوی نا، بەڵام ئامانجی لەم کارە وەك زۆر جار لە نموونە لێکچووە سیاسییەکانی دیکەدا باسی کردووە، پتەوکردنی جێگەوپێگەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە و پاراستنی ئەو ڕێژیمە بووە. هەروەها بە سەرنجدان بەو ڕاستییەی کە ڕەفسەنجانی بەنیسبەت سەرکوتکارییەکانی نێوخۆی ئێران نەتەنیا دەنگی لێوەنەهاتووە، بەڵکوو بۆ خۆی بەشێك بووە لە بەرنامەدارێژەرانی ئەو سیستمە داپڵۆسێنەرە، کەوابوو مەبەستی ڕەفسەنجانیش لەوەی کە خوازیاری پێوەندی لەگەڵ ئامریکا بووە، نەك بڕواهەبوون بە پێوەندیی دیپلۆماتیك لەسەر بنەمای ڕێوشوێنە مرۆڤتەوەرە بانگەشەبۆکراوەکانی بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووە و نیە، بەڵکوو پتەوکردنی پێگەی دەرەوەیی بەمەبەستی دەستئاوەڵەیی نێوخۆیی بۆ درێژەدانی سەرکوتکارییەکان بووە و هەیە.

بەم پێیە، باڵی پاوانخواز و باڵی چاکسازیخوازانی حکوومەتی لە نێو ڕێژیمدا بەنیسبەت پرسی پێوەندی ئێران و ئامریکا خاوەنی دوو ڕوانگە و هەڵسوکەوتی جیاواز بوون بە یەك ئامانجی هاوبەشەوە کە چۆنیەتیی درێژەدان بە دەسەڵاتە سەپێنەر و سەرەڕۆکەیان لە نێوخۆی وڵاتدایە.

### بەڕێز «مستەفا هیجری» لە وتوویژ لەگەڵ «هاووڵاتی»دا:

# بەربەرەکانێیەک کە ٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئێراندا دژی دیکتاتۆری دەستی پێکرد تا ئێستاش بەردەوامە

ڕۆژنامەی «هاووڵاتی»، وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە. گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییانە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لێڕوانینی وڵاتانی زلهێز بەنیسبەت پرسی کورد و هەلومەرجی پێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم وتوویژەن. «کوردستان» لەبەر گرینگیی بابەت و تەوەرەکانی وتوویژەکە، بەپێویستی زانی دەقەکەی بڵاو بکاتەوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ ڕادەکێشین.

هاوڵاتی: بەشێك لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم دواییانە کەوتوونەتە بەر شەپۆلی نارەزایی شەقام و میللەت. کۆماری ئیسلامی دەڵێت ئێمە ئەو دۆخەمان دەمێکە تێپەڕاندووە ئەویش پاش کودتای ساڵی ١٩٧٩ و گەڕانەوەی ئیمام خومەینی. ئێوە دەڵێن چی؟

ـ بۆچوونی کۆماری ئیسلامی لەو گۆشەنیگایەوە ڕاستە کە سیوسێ ساڵ بەر لە ئێستا دیکتاتۆریی پاشایەتی بە ئیرادەی جەماوەر لە ئێران داڕما و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵێکە ئەم شەپۆلە دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ چوونکە خەڵکی ئێران زووتر سیستمێکی دیکتاتۆری ڕووخاندووە کەوابوو بە ئاواتەکانی خۆی کە ئازادی و دێموکراسی بووە گەیشتووە و دەسەڵاتی دوای دیکتاتۆریی شا گەرەنتی هەیە لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە. بەڵکوو لێکدانەوەی دروست بۆ ئەو پرسە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران سێ دەیە لەمەوبەر دیکتاتۆری ڕووخاند بۆ ئەوەی سیستمێکی دێموکراتیکی لە جێگا دابنێ و لە سێبەری ئەم سیستمەدا بە ئازادی بگا بۆ

> **ئەگەر بێت و وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە کورد بیهەوێ ئوورووپا لە جیاتی ئەمریکا دابنێ بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە، چوونکە ئەزموونەکان دەریان خستووە لە بڕیارە گرینگە سیاسییەکانی ناوچەدا، ئوورووپا بە بێ پشتیوانیی ئەمریکا زۆر زەحمەتە سەرکەوتن بەدەست بێنێ**

ئەو مەبەستە هەر چۆنێك بێ سیستمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژارد کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە، بەڵام بەداخەوە ئەو سیستمە نەك هەر خواستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی وەدی نەهێنا، بەڵکوو شەریعەتی ئیسلامیشی وەك ئامرازێك بەکار هێنا بۆ بنیادنانی حکوومەتی دیکتاتۆری ـ ئایینی کە زۆر لە دەسەڵاتەکەی پێشوو سەرەڕۆتر و دژی گەلیتر بوو، بۆیە بەربەرەکانێیەك کە ٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئێراندا دژی دیکتاتۆری دەستی پێکرد تا ئێستاش بەردەوامە و تا ئەو کاتەی خەڵك بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن درێژەی دەبێ.

جیاوازی ئەم بەربەرەکانێیە لەگەڵ شەپۆلی ئێستای نارەزایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەدایە کە ئەگەر ٣٣ ساڵ لەوە پێش خەڵکی ئێران لە ڕووی ناشارەزایی و لە ژێر باندۆری پیلانەکانی ئاخوندەکان دەنگیان بە حکوومەتێکی ئایینی دا، ئێستا بەم ڕاستییە گەیشتوون کە حکوومەتی ئایینی ناتوانێ ویست و داخوازە دێموکراتیکەکانی خەڵك دابین بکا، بۆیە خەبات و بەربەرەکانێی ئێستایان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری ئایینی و هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی سکولارە، ئەزموونێك کە خەڵکی باقی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێی بێ بەهرەن، بۆیە لانیکەم بەشێك لەوان خەریکن بەو ڕێچکەیەدا دەڕۆن کە پێشتر خەڵکی ئێران بە هەڵە هەڵیانبژارد و ناکام بوون.

هاوڵاتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی لە ناوخۆ و ناوچەکەدا ڕوو دەدەن، ئێستا چ تێڕوانینێکیان بۆ مافی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە و بەگشتی سەقفی داواکارییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات خۆی لەچیدا دەبینێتەوە بەرامبەر هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەك؟

ـ ئێمە ئێستا مافی نەتەوەی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتێکی فیدراڵدا دەبینین کە کورد و باقی ئەو نەتەوانەی لەسەر خاکی خۆیان دەژین حکوومەتی ناوچەیی یان هەرێمی خۆیان پێك بێنن و، لە چوارچێوەی یاسایەکی بنەڕەتی دێموکراتیکدا لە بەڕێوەبردنی ئێراندا شەریك بن و بەم چەشنە هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئێران لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن.

ئەمە سەقفی داواکانی نەتەوەی کورد و بگرە نەتەوەکانی دیکەیشە لە ئێراندا، بەڵام ئەو گومانەش نەماوە کە ئەو مافانە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دابین ناکرێن و هەمووی بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی پاش ڕێژیم.

هاوڵاتی: ماوەی چەند ساڵێك دەبێت پارت و لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشن، بەڵام ئەمە پێك نەهێنرا. هەندێك هۆکارەکە بۆ پارچەپارچەبوون لێکدابڕانی کۆمەڵە و دێموکرات دەزانن، ئێوە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵە تا ئێستا لەچیدا دەبیننەوە؟

ـ دابەشبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گرنگترین کۆسپی سەر ڕێگای پێکنەهاتنی بەرە یان هەر چەشنە هاوکارییەك لەگەڵ یەکترن، بەڵام لەم پێوەندییەدا نابێ دەوری ئەو بۆچوونانەش فەرامۆش بکەین کە بەرژەوەندیی حیزبی بە هەڵە لە سەرووی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دادەنێن و لە ئاکامدا زۆرتر هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن کە ویست و بەرنامەکەی ئەوان سەرکەوتوو بێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستەکانی لایەنی بەرامبەر. لەم ڕاستایەدا شوێندانەریی پیلانەکانی لاوەکی نەیارانیش نابێ لە بیر بکەین کە هەم لە دابەشبوونەکانی حیزبەکان شوێندانەر بوون و هەم هۆکارێك بوون بۆ لێك دوورکەوتنەوە و لە ئاکامدا پێکنەهاتنی بەرە یان هاوکاری لەسەر خاڵە هاوبەشەکان.

هاوڵاتی: لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە هەست بە جۆرێك لە بێئومێدی دەکرێت بەرامبەر ئەمریکا بۆ پاراستنی مافی کورد و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان، لەم ڕوانگەیەوە ئێستا هەست بەوە دەکرێت بۆ پرسی مافی چارەی خۆنووسین گەیشتن بە مافە ڕەواکان زیاتر مەیلی سەرکردایەتیی کورد بۆ لای وڵاتانی ئوورووپا دەڕوات بەتایبەت فەڕانسە و بریتانیا. ئەمە تا چەند بە ئیجابی دەزانی؟

ـ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و لەو نێوانەشدا بە تایبەت دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردیش بەشێك لەوانە، وەکوو خەڵکانێکی زۆرتر بە هەست و عاتیفی وا بیر دەکەینەوە کە هۆی ناکامییەکانمان دوژمنەکانمانن و بۆ خۆمان بێکەموکوڕین و لەو پێوەندییەدا بەرپرسایەتییەك وە ئەستۆ ناگرین، ئەوە ساکارترین و لە هەمان کاتدا ناسیاسیترین تەوجیهی ناکامییەکانمانە، بۆیە مەحکوومین بەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانمان دووپات و دووپات بکەینەوە بە بێ ئەوەی لە ڕووداوەکان فێر بین و هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە.

بێهیوایی ـ ئەگەر بێهێوایی هەبێ ـ سەرکردەی کوردیش لە پاراستنی مافی کورد لە لایەن ئەمریکاوە شتێکی لەو چەشنەیە. ئەمریکا بە ڕووخاندنی دیکتاتۆرێکی وەکوو سەددام حسێن یارمەتییەکی گەورەی بە خەڵکی عێراق و کوردەکانی ئەو بەشە دا، بۆ ئەوەی هەلومەرجی پێکهاتوی دوای سەددام حسێن بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە، بەڵام بێجگە لە عەرەبەکان، کوردیش بە شێوەی پێویست نەیتوانی لەم دەرفەتە کەڵك وەربگرێ و لە هەرێمی خۆیدا بنەمایەکی تۆکمە بۆ دوارۆژی خۆی بنیات بنێ، لەو پێوەندییەدا کەموکوڕی و هەڵەکان یەکجار زۆرن کە لەم باسەدا جێگایان نیە. من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم کەموکوڕی و هەڵە نێوخۆییانە نەبوایەتن و کوردستان دوای زیاتر لە یەك دەیە لە دەسەڵاتداریی خۆی، دەیتوانی بە بەرنامەی درووست و گرتنە بەری سیاسەتێکی نەتەوەیی بەرنامەداڕێژراو، یارمەتیی ئەمریکاو باقی وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەڵام ئەگەر بێت و وەك لە پرسیارەکەدا هاتووە کورد بیهەوێ ئوورووپا لە جیاتی ئەمریکا دابنێ بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە، چوونکە ئەزموونەکان دەریان خستووە لە بڕیارە گرینگە سیاسییەکانی ناوچەدا، ئوورووپا بە بێ پشتیوانیی ئەمریکا زۆر زەحمەتە سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

هاوڵاتی: بەرای ئێوە ئەو بارودۆخەی ئێستای باشووری کوردستان تا چەند توانای دەوڵەتداری تێدایە؟

ـ ئەگەر مەبەستتان لە دەوڵەتداری، توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، وڵامی من ئەوەیە کە بە هۆی هەڵەو کەموکورتییەکان، نە لە ناوخۆ و نە لە ناوچە و نە لە ڕادەی نێونەتەوەییدا زەمینەی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردستانی باشوور پێك نەهاتووە تا قسە لە توانای دەوڵەتدارییەکەی بکەین.

هاوڵاتی: دەپرسین بەلای بەڕێزتانەوە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی وڵاتانی دراوسێ لە پێشتر و گرنگترە یان وڵاتانی زلهێزی دەرەوە؟

ـ بەداخەوە هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان جۆرێکە کە لە نێو چەند وڵات و حکوومەتی نادێموکراتیك کە باوەڕیان بە مافی کورد نیە دابەش کراوە، وڵاتانی دیکەی ناوچەش هەر کام بە شێوەیەك دژی مافە دێموکراتیکەکانی گەلانی بندەستن، بۆیە هەر دووکی ئەم هێزانە دەتوانن کۆسپی گەورەمان بۆ پێك بێنن، لە لایەکی دیکەوە ئەمڕۆ بە بێ بڕیاری وڵاتانی زلهێزی جیهان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سنوورەکاندا نایەتە ئاراوە بۆیە کورد بەرپرسایەتییەکی قورسی دەکەوێتە سەر شان لە ڕاگرتنی پاراڵێل (تەوازن) لە نێوان ئەو هێز و لایەنانەدا و ناکرێ هیچکامیان فەرامۆش بکا.

هاوڵاتی: ئاشکرایە بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی کوردانی باشوور لە بەشەکانی تری کوردستان باشترە. ئەگەر لەم بەشەدا کار بۆ جاڕدانی دەوڵەت بکرێت، پێتوایە کوردی بەشەکانی تر چۆن پێشوازی لێ دەکەن؟

ـ بە هۆی ئەوە کە کورد لە مێژ ساڵە خەون بە بوونی کوردستانی گەورەوە دەبینێ و مافی خۆشیەتی، بۆیە بانگەواز بۆ گەیشتن بەو خەونە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەبەرێکی خۆشە، بەڵام بیرکردنەوە لە سەرکەوتنی ئەم بانگەوازە گرینگتریشە، چوونکە ڕاگەیاندنی ئەم بانگەوازە و سەرنەکەوتنی، بێهیواییەکی زۆر لە ناو خەڵکدا پێك دێنێ.

هاوڵاتی: ئەگەر ئەم بەشەی کوردستان لە باشوور جاڕی دەوڵەت بدات خوێندنەوەی تۆ لەسەر هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم مەسەلەیە چیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە؟

ـ کۆماری ئیسلامی دژی سەرەتاییترین مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کوردە، بۆیە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی باشوور، لەگەڵ دژکردەوەی توندی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبێ.

پرۆفایل:

ناوی سیانی: مستەفا هیجری

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٤٥

شوێنی لەدایك بوون: نەغەدە

بڕوانامە،پسپۆڕی: بەکالوریس لە زمانو ئەدەبیاتی فارسی

شوێنی دانیشتن و پیشەی پێشوو ئێستا: پێشتر مامۆستای ناوەندی، شاری نەغەدە بووە لە ئێستادا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە



## ڕۆژهەڤ

و: کەریم پەرویزی

### ئێران چاوی لە ڕێبەریی ئایینی بۆ شیعەکانی عێراقە

ئاسۆشێتێد پرێس، ڕۆژی ٥ ی ئاوریل، ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە سەبارەت بە دۆخی ڕێبەریی ئایینی لە نێو شیعەکانی عێراقدا و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە کە کورتەیەکی ئاماژە پێ دەدەین.

نووسەرانی ڕاپۆرتەکە لە سەرەتادا دەڵێن کە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕووحانییەکی ئووسولگەرای نیزیك بە ڕێبەری ڕێژیم، بکا بە جێگری ڕێبەری ڕوحانیی شیعەکانی عێراق و ئەم کارەی هێزێکی زۆر بەرفراوان بە تاران دەدا کە لەسەر دراوسێکەی کاریگەری هەبێ.

ڕێبەری ڕووحانیی شیعەکانی عێراق، ئایەتوڵڵا سیستانی، تەمەنی ٨١ ساڵە و گەورەترین کەسایەتیی کاریگەر لە نێو شیعەکانی عێراق و هەروەها لە نێو شیعەکانی جیهاندایە. دوای هێرشی ئامریکا بۆ عێراق و نەمانی سەددام، ئەو توانیویەتی کە دەورێکی کاریگەری لە دارشتنەوەی عێراقی نوێدا هەبێ.

ئەو کەسەی کە ئێران دەیەوێ جێگای سیستانی بگرێتەوە، ئایەتوڵڵا مەحموود شاهروودییە کە لە نێو بەڕێوەبەرانی ڕووحانی ئێراندا جێگای هەستیار و بەرزی هەیە. ئەو دە ساڵ بەرپرسی دەزگای قەزایی ڕێژیم بووە و دەورێکی بەرچاوی لە سەرکوتکردنی چاکسازیخوازەکاندا هەبووە و لە یەکێك لە شوورا گرینگەکانی کۆماری ئیسلامیدا جێی گرتووە.

شاهروودی لە نەجەف دەرس دەڵێتەوە و نەجەف، ناوەندیی ئایینی و گرینگترین شار بۆ هەموو شیعەکانی جیهانە کە ژمارەیان دەگاتە ٢٠٠ میلیۆن کەس. لە شارەکی سەدری شاری بەغداد پۆستێرەکانی شاهروودی هەڵواسراون و ئەم شارەکە نیزیك بە ٢/٥میلیۆن کەس حەشیمەتی هەیە. ئێران ئێستا، پێوەندیی سیاسی و ئابووریی چڕوپڕی لەگەڵ عێراقدا هەیە و گەر شاهروودی جێگای سیستانی وەکوو مەرجەعی گەورەی شیعەکان بگرێتەوە، دەنگی ئێران لە عێراقدا بەرزتر دەبێتەوە. نووسەرانی ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا باس لەوە دەکەن کە شاهروودیی تەمەن ٦٣ ساڵە دەتوانێ دەورێکی زۆر بەرچاوتر و کاریگەرتر لە سیستانی، لە سیاسەتی عێراقدا بگێڕێ. چوونکە سیستانی سەر بە مەکتەبی نەجەفە کە نایەوێ ڕووحانییەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی لە حکوومەتدا دەوریان هەبێ و شاهروودی سەر بە مەکتەبی کۆماری ئیسلامییە کە دەیەوێ ڕووحانییەت حکوومەت بگرێتە دەست.

ڕاپۆرتەکە وێڕای وتوویژ لەگەڵ چەند کەس و زانیاریوەرگرتن لە خەڵکانێك کە ئاگاداری هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوەن و نیگەرانی ئەوەن کە ئێران دەست بە سەر ڕووحانییەتی ئایینی لە عێراقدا بگرێ، ئاماژە بەوە دەکا کە زۆر کەس نەیانوێراوە ناویان بهێنن و زانیارییەکانیان داوە بەڵام داوایان کردووە کە ناوەکانیان بە نهێنی بمێنێتەوە.

دوایی باس لە چۆنیەتیی بەرنامەدارشتنی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەدان بە لایەنگرانی سەر بە مەکتەبی کۆماری ئیسلامی لە نێو شیعەکاندا دەکات. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکا کە هەندێك لە لاوانی شیعە خوازیاری ئەوەن ڕووحانییەت بە شێوەی عەمەلی زۆرتر لە حکوومەتدا دەوری هەبێ و کۆماری ئیسلامیش لەو خاڵەوە دەست پێ دەکا.

سەرچاوە:

AssociatedPress

# مانگ تریفەی داوێ

نیما یووشیج

و: کامیل نەجاڕی

مانگ تریفەی داوێ
گوڵەئەستێرەیە وا دەدرەوشێ
تاقە چرکێک نییە خەو بزرێ لە چاوی چ کەسێ
لە خەم و حەسرەتی ئەم کۆمەڵە خەوتووانە بەڵام
خەو لە دوو چاوی تەڕی من دەتەرێ
نیگەران کازیوە
لەگەڵم وێستاوە
بەربەیان لێمی دەوێ
بۆو گەلە گیان و دەروون دۆڕاوە
لە دەم و ساتی گەلێ پاکی بهێنم خەبەرێ
من بەڵام
ژان و ناسۆڕی دڕووی ئەو سەفەرەم
بە دڵم دا دەگەڕێ
شلک و ناسکۆڵە لەشی شاخە گوڵێک
کە بە رۆح چاندم و بە رۆح ئاوم دا
سەر مەخابن کە لە ئامێزی منا هەڵدەوەرێ
دەست دەگیرم بەڵکوو
دەرکەیەک واڵا کەم
چاوەڕوانم بێ هۆ
کە لە دەرگاوە کەسێ بێتە دەرێ
دەرک و دیواری ئەوان کاول بوو
بە سەرمدا دەڕمێ و دادەوەرێ
مانگ تریفەی داوێ
گوڵەئەستێرەیە وا دەدرەوشێ
لە قەراغ گوندەوە پیاوێک بە تەنێ وێستاوە
قاچی قەڵشیوە لە رێی دوور و درێژی سەفەرێ
کۆڵەباریشی لەکۆڵ
دەست بە دەرگاوە لەبەر خۆوە دەرێ
لە خەم و حەسرەتی ئەم کۆمەڵە خەوتووانەیە وا
خەو لە دوو چاوی تەڕی من دەتەرێ.



بێ دوان...

# کورتیلەچیرۆك، تیشکها

وەرگێڕان لە فارسیی

هەورەکان بە پەلە بە پێش مانگدا ڕەت دەبوون. کوڕێژگە چاوی لە مانگ بڕیبوو.

ـ دایە مانگ بۆ دەڕوات؟

ـ چووزانم، حەتمەن دەیهەوێ ڕۆژ ببێتەوە ئیتر، زووکە بخەوە.

کوڕێژگە ماوەیەك بێدەنگ بوو:

ـ دایە خوا گەورەترە یان مانگ؟

ژنەکە کە خەو توانای قسە کردنی پێ نەهێشتبوو، بە بێتاقەتییەوە گوتی:

ـ ئاشکرایە ئیتر، خوا.

ئەمجارە کوڕێژگە وەك بڵێی شتێکی گرینگی دۆزیبێتەوە بە پەلە پرسیاری کرد:

ـ ئەی بۆ مانگ دەبینرێ بەڵام خوا نابینرێ؟

ـ چونکە خوا گەورەیە چووەتە ئاسمان.

ـ ئەدی بۆچی هەرچی داوای لێدەکەم نامداتێ؟

ژنەکە کە ئیتر خەو سواری سەری ببوو لە ژێر لێفەکەوە خۆی خزاندە باوەشی مێردەکەیەوە و دوا وشەکانی بە دەنگێکی نەوی هێنانە سەر زمان:

ـ لەوانەیە گوێی لێ نەبووبێ، توندتر داوای لێ بکە با گوێی لێ بێ.

کوڕێژگە لە ژێر لێفەکە هاتە دەرێ و لە گوێسوانەی بانەکە نێزیك بۆوە، ڕووی کردە مانگ و لە کاتێکدا کوڵەگڕووی لە ئەوکێ مابوو هاواری کرد:

ـ خوایە ... بابم بۆ بێنەوە ماڵێ.

(هەور و مانگ، عادڵ حەیاوی)

لەجێدا کورتیلە چیرۆك(چیرۆکی مینی ماڵ)، فەلسەفەی کورتەچیرۆك تووشی قەیران دەکا. بە وتەیەکی دی کورتیلەچیرۆك بەم فۆڕم و چڕی و شێوە داڕشتنە تایبەتەیەوە، لە سنووری ناسراوەکانی ژانری کورتەچیرۆك دەترازێ و پانتاییەکی تر لە توانستەکانی ژانری چیرۆك بە ڕووی ئێمەدا دەکاتەوە. ئەو قەیرانە جددییە لە گووڕانی ئەم پرسیارەوە دەست پێدەکا کە ئەگەر بکرێ گشت ڕەگەزەکانی کورتەچیرۆك لە کورتیلەچیرۆکێکدا چڕ بکرێنەوە و هەموو مەرجەکانی سەرکەوتوویی دەقێك وەك: ئەدەبییەت، تەئویل هەڵگری، نووسەرانە بوون بە مانا بارتییەکەی، چێژبەخش بوون و... تادی، تێدا دەستەبەر بکرێ، ئەدی فەلسەفەی هێشتنەوە و کار کردن لە سەر دیالۆگی درێژ، فەزاسازیی بەربڵاو و داڕشتنی دوورودرێژ لە کورتەچیرۆکدا چییە؟

ئەگەر وتەی ئەو ڕەخنەگرە ژێهاتی و چیرۆکناسە ڕاست بێ کە: «بە بڕوای من دەکرێ هەموو ڕۆمانێك بکەیتە کورتە چیرۆك یان شێعر» ئەو دەم لەگەڵ پرسیارێکی جددی و دڵەڕاوکەهێنەری تردا بەرەوڕوو دەبین کە پاساوی خۆ خەریك کردن بە چەشنەکانی تر جگە لە کورتیلە چیرۆك دەخاتە گومانێکی جددییەوە.

بەم شێوەیە دەبینین ئەگەر ئێمە ڕێسا چەسپیوەکانی بواری کورتە چیرۆك وەکوو پێوانە چاو لێبکەین، دەبێ کورتیلە چیرۆکان وەك دەقی قەیراناوی لەبەرچاو بگرین، قەیراناوی بەو مانایەی کە نیشانەکانی ترازان لە ڕێسا ناسراوەکانی ژانری کورتە چیرۆکی بەربڵاوی تێدا بەدی دەکرێ. کەوابوو بەپێی دیدێکی تا ڕادەیەك زێدەڕۆیانە دەبێ بڵێین بۆ چوونە ناو هەرێمی کورتیلە چیرۆکان لەجێدا دەبێ بە ئامرازی جیاواز و تێوری بەوەجتر خۆ تەیار بکەین. بەر لە هەر شیکردنەوە و ڕاڤەیەك لەو بارەوە با پێکەوە ئەو دوو چیرۆکە بخوێنینەوە:

چیرۆکی یەکەم:

«شەو»

پیاوەکە کە هاتەوە ژووری خەوێ گوتی:

«ئەزیزم، وریا بە، گوللەی لەبەردایە.»

ژنەکە پاڵی بە تەختەی ژوور قەرەوێڵەکەوە دا: «ئەمەت بۆ ژنەکەت کڕیوە؟»

«نا، زۆر مەترسیدارە. کەسێکی حیرفەیی(کارامە) بۆ دەگرم.»

«من چۆنم؟»

پیاوەکە بەدەم زەردە خەنەیەکەوە گوتی:

«زۆر زیرەکی بەڵام کامە ساویلکە ژنێك بەکرێ دەگرێ تا پیاوێکی بۆ بکوژێ؟»

ژنەکە بە زمان لێوی تەڕ کرد. سیرەی لێگرت و گوتی:

«... ژنی تۆ.»

جیفری ویتمۆر ـ کورتترین کورتە چیرۆکەکانی دنیا

پیاوێك کە وەك حەریفێك و فاسقێ لەگەڵ ژنێکدا خەوتووە، دوای ئەوەی کەیف و نەهەنگی خۆی لەگەڵ دەکا، تێدەگا ئەو ژنە کە لای ئەو ڕۆڵی هەرزە و سۆزانییەك (یا خۆشەویستێك) دەگێڕێ، بکوژێکە کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بەکرێ گیراوە تا ئەو بکووژێ.

ئەو زەربە کاریگەرەی کۆتایی چیرۆك کە زەینی خوێنەر ڕادەکێشێ، لە ڕۆڵی دووفاقی ژنەکەوە سەرچاوە دەگرێ. لەڕاستیدا غافڵگیری و موفاجەئەکە لە وەلاچوونی دەمامکی ژنەکە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی ئەوەوە دێ کە خوێنەر پێشتر پێشبینی نەدەکرد: ئێستا ئەم باوەڕ کردنەی خوێنەر لە گەڵ باوەڕ کردنی کەسایەتی داهێنراوی پیاوی چیرۆکەکەدا بەراورد بکەن تا دەرکەوێ کە ئەو گۆڕانی ڕۆڵ و لاچوونی دەمامکە چەندە دەتوانێ غافڵگیرانە بێ.

چیرۆکی دووهەم:

«کارەسات»

«ڕجیناڵد کۆك» پێش ئەوەی «سیسیل نۆرت وود» بخوازێ سەری سێ ژنی خواردبوو.

پێی گوت: «کارەساتگەلی دڵتەزێن بوون.»

سیسیل وەڵامی دایەوە: «زور جێی داخە، ساماندار... بوون؟»

ڕجیناڵد گوتی: «ساماندار و جوان.»

مانگی هەنگوینیان لە کێوەکانی ئاڵپ ڕابوارد.

دواترێ سیسیل بە مێردە تازەکەی گوت: «دەزانی ئەزیزم مێردی یەکەمم لە کارەساتێکی دڵتەزێنی شاخەوانی دا کوژرا؟»

جاستین مارڵۆ وەڵامی دایەوە: «زۆر جێی داخە.»

مارك کوهن ـ کورتترین کورتە چیرۆکەکانی دنیا

دیسان ڕووبەڕوو بوونەوە یان بە وتەیەکی لەبارتر تێکبەزینی دوو دیمەن، بۆ چەند ساتێ سەری خوێنەر دەتاسێنێ و تامی غافڵگیری پێدەچێژێ.

لە دیمەنی یەکەم دا دیالۆگی نێوان ژن و مێردێك کە تازەیان زەماوەند کردووە و مانگی هەنگوینیان لە کێوەکانی ئاڵپ ڕابواردووە، هاتووە. دیمەنی دووهەم لە قسەکردنی هەمان ژنەوە دەست پێدەکا بەڵام پیاوە، پیاوێکی ترە. پیاوی یەکەم لە هەمان دیمەنی یەکم دا کوژراوە. بە دەستی کێ؟ بە دەستی هەر ئەو کەسەی کە لە بارەی ساماندار بوونی هاوسەرەکانی پێشووی پیاوی یەکەمەوە پرسیار دەکا، واتە کەسایەتیی ژنی چیرۆك: سیسل نۆرت وود.

نامەوێ



ئاماژە بەلێکچوونی پێکهاتەی ئەو دوو چیرۆکە بکەم. خوێنەر هەر زوو ئەو لێکچوونانە دەدۆزیتەوە. دەمەوێ

ئەنجامگیرییەك بخەمە بەر شیکاری کە دواتر هەر لەم وتارەدا، سەنگی ئەنجامگیرییەکە دەکەوێتە بەر گومان و بنەما تیۆرییەکەی جێگای خۆی دەدا بە تیۆرێکی تر لە بارەی کورتیلە چیرۆکانەوە.

بە پێی تیۆری یەکەم، جوانی و بەهێزیی Flash fiction یان کورتیلە

ڕەهبەر مە

# کورد دەبێ لە ڕووداوەکانی سووریە، جێگای تایبەتی خۆی هەبێ

■ شەهاب خالیدی

کۆنفرانسی دۆستانی سووریە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە بێ بەشداریی کوردەکانی سووریە و بە بەشداریی ٨٣ وڵاتی جیهان لە شاری ئەستەمبوڵی تورکیە بەڕێوەچوو و تێدا جیا لەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریە وەك یەکێك لە نوێنەرە فەرمییەکانی خەڵکی سووریە پەسەندکرا، ئەو ئەنجوومەنەش ڕایگەیاند کە ئەوان لەمەودوا یارمەتیی ماڵی دەدەن بەو چەکدارانەی کە دژی ڕێژیمی سووریە شەڕ دەکەن و ئەو سەربازانەی کە ریزەکانی هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیمی سووریە بە جێ دەهێڵن، کە ئەم یارمەتییە ماڵییە وەك حقووقی مانگانە دەبێ.

هەرچەند لەو کۆنفرانسەدا باس لە دێموکراسی و یەکسانی لە نێوان تەواوی پێکهاتەکانی سووریەدا کرا، بەڵام هیچ باسێك لە دانی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا بە کوردەکان نەکرا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە کۆنفرانسی دۆستانی سووریە کە ماوەیەك لەمەوبەر لە وڵاتی توونس بە بەشداریی زیاتر لە ٧٠ وڵاتی جیهان بەڕێوە چوو، غەلیون باسی لە دانی مافی نەتەوەیی بە کوردەکانی سووریە کردبوو. بەڵام هەر لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا دوای کۆنفرانسی دۆستانی سووریە لە توونس و بەر لە کۆنفرانسی ئەستەمبوڵ هەر لە شاری ئەستەمبوڵ پێك هات، بە هۆی ئەوەی کە هیچ حسابێك بۆ کوردەکان نەکرا و هیچ باسێك لە مافی کوردەکان لە گۆڕێدا نەبوو، کوردەکانی سووریە هۆڵی کۆبوونەوەیان بە جێ هێشت.

بانگهێشت نەکردنی کوردەکان بۆ کۆنفرانسی ئەستەمبوڵ و باس نەکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردەکانی سووریە لە چوارچێوەی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم و هەرجار هەڵوێست گرتنێکی جیاواز و ناڕوون لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریە، لە لایەن سیاسەتڤانان و شارەزایانی پرسی سووریەوە شرۆڤە و خوێندنەوەی جیاوازی لەسەر کرا. هێندێك لەو شارەزایانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبوایە کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە سووریەدا کە خاوەنی خاك، زمان و مێژووی خۆیەتی، بۆ کۆنفرانسێکی وەها گرینگ و چارەنووس‌ساز بانگهێشت کرابا و لەو کۆنفرانسەدا کە ٨٣ وڵاتی جیهان تێدا ئامادە ببوون و پێداگری لە سەردانی ئەو مافانە بە کوردەکان کرابا کە پێشتر لە کۆنفرانسی توونس باسی لێ کرابوو. بەڵام بانگهێشت نەکردنیان ئەو شك و گومانە پێك دێنێ کە نەکا دیسانەکە ئەو کەس یان لایەنانە دژی کوردانەی کاریگەر لەو کۆنفرانسەدا بیریان لە دووپاتکردنەوەی پەیامی لۆزان بە دژی گەلی کورد کردبێ.


هێندێکی دیکە لە شارەزایانی پرسی سووریەش پێیان وایە کە گرینگی نەدان بە کورد و پرسی کورد بەتایبەتی لەو کۆنفرانسەدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەستە شۆڤینیستییەی کە ئێستاش هێندێك لە بەشدارانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریە هەیانە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەگەر ئەمانە دەسەڵاتیان هەبێ، هەوڵی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێك لەسەر بنەمای یەك خاك، یەك زمان و یەك ئاڵا دەدەن. بەڵام سەرەڕای ئەو بیرە شۆڤینیستییەی کە هێندێك لە بەشدارانی ئەنجوومەنەکە هەیانە بە هۆی ئەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریە لەو قۆناغە هەستیارەدا پێویستیی بە بەشداریی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی سووریە لەو شۆڕشەدا هەیە و بانگهێشت نەکردنی کورد لە قازانج و بەرژەوەندیی خێراترکردنی ڕەوتی خەبات و شۆڕشی سووریەدا نەبوو، بۆیە دوای کۆنفرانسی ئەستەمبوڵ هیلاری کلینتۆن پێوەندیی تەلەفۆنی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەوە کرد و پێداگریی لەسەر مافی کوردەکان دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سووریە کرد.

کۆی ئەم هەڵوێستە جیاواز، دژ بە یەك و لێڵانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردی سووریە لەو قۆناغە هەستیار و چارەنووس‌سازە و لە بەرامبەر پیلانە شاراوە و ئاشکراکانی نەیارە هەرێمی و نێوخۆییەکانیدا دەبێ سیاسەتێکی زۆر عاقڵانە و ژیرانە لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی و کێشەی نێوخۆیی بگرنە پێش، بۆ ئەوەی کە وەك لایەنێکی بەهێز و خاوەن یەك پرۆگرام و یەك ستراتیژی لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا دەر بکەون، چوونکە تەنیا یەکگرتن و پێکەوەبوون ڕەمزی سەرکەوتنیان و کۆتاییهێنان بەو هەموو نەهامەتی و ئێش و ئازارانەیە کە گەلی کورد بە درێژایی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیە یەك لە دوای یەکەکان چێشتوویەتی.



# زستان بە هەموو سارد و سڕییەکانەوە تێدەپەڕێ و ڕووڕەشی بۆ خەڵووز دەمێنێتەوە!

■ دارا ناتق




تیرۆریزم یەکێك لەو دیاردانەیە کە ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی باوەڕێکی قووڵی پێی هەیە و وەك ئیدەئاڵترین میکانیزم و ستراتیژی بۆ سەرکوتی موخالیفان و پاراستنی نیزام و مانەوەی دەسەڵاتی نگریسی خۆی پێڕەوی دەکات.

بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەملاوە، تیرۆریزم بەشێکی دانەبڕاو بووە لە سیاسەتی ئێران. کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو ڕێژیمە بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوشتن، بارمتەگرتن و بۆمبدانان و تەقاندنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتدا کەرەستەیەکی یاسایین، لەو ڕووەوە ئێران ڕێژیمێکی تیرۆریستییە.

خومەینی لە هەڵویستێکی نامرۆڤانەدا بە دوور لە هەر چەشنە عورف و یاسایەکی نێونەتەوەیی و پرەنسیپێکی ئەخلاقی فەرمانی قەدەغەکردنی ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕۆژنامەکانی دەرکرد و هەروەها بڕیاری جیهادی بە دژی گەلی کورد و کوشتن و سەرکوتی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمانی ڕاگەیاند. پاش دەرچوونی ئەو فەرمانە، تا هەنووکەش تاریکپەرەستانی ئاخوندی لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە دەسەڵاتداریی خۆیاندا بە پراکتیزەکردنی بیری تیرۆریستیی خۆیان بە سەدان کەس لە ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان بە تایبەتی ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە شێوەی جۆراوجۆر و لەسەر مێزی ئاشتی و دیالۆگ لە دەرەوە و لە نێوخۆشدا تیرۆر کردووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی پێی وابوو کە بە تیرۆرکردنی د.قاسملوو تەڤگەری ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی ئاشبەتاڵ یان لانیکەم بە ڕادەیەکی بەرچاو تووشی بێهیوایی و لاوازی دەبێت، بەڵام قوتابی مەکتەبی دێموکرات، د.سادق شەرەفکەندی وەکوو کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ، لێبڕاو، ناسراو و نەتەوەپەرەست و گرینگتر لە هەمووی ئاکادێمیست و دیپلۆمات و ئاشنا لەگەڵ باروودۆخ و سیاسەتی جیهانی، ناوچەیی و کوردستانی، ئاڵای خەباتی شەکاوە ڕاگرت و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم هەست بە مەترسییەکی گەورە بکات، چوونکە ئەمە بە پێچەوانەی خواستی کۆماری تێرور بوو، هەر بۆیە جارێکی دیکە ڕێبەری ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان بووە ئامانجی تیرۆری ڕێژیم.

بۆیە هەر زۆر زوو دڕندەکانی نیشتەجێی جەماران، ئەو شەمشەمە کوێرانەی کە لە ترسی ڕووناکی خزابوونە ئەشکەوتە تاریکەکانی بیر و هزری چاخە کۆنەکان، دەنگی دلێر و سیمای بەهەیبەتی ڕێبەر و خەباتکاری بە ورە و شۆڕشگێڕی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان، دوکتور سادق شەرەفکەندییان پێ تەحەمول نەکرا و لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، تاقمێك لە خوێنڕێژانی خۆیان و چڵکاوخۆرانی حیزبوڵڵای بەرەو بێرلین بەڕێ کرد و لە ریستورانی میکونووس لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی هێزە ئێرانییەکاندا، ڕێبەری گەورەی نەتەوەکەمانی شەهید کرد.

تیرۆرێك کە بە پێچەوانەی تیرۆرەکانی دیکەی ڕێژیم، شەپۆلێکی بەرینی لە هاوخەمی و هاوسۆزی دروست کرد، واتە لە پرۆسەی بەرۆژەڤکردنی پەروەندەی تیرۆرەکە و دادگاییکردنەکەیدا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دڵسۆزانی ئێرانی و بیانی هاوکاری تەواویان لەگەڵ دادگاکەدا کرد. هەر بۆیە بە هاوکاریکردنی سەرجەم لایەنەکان، سەرەڕای هەوڵی زۆری کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەو دادگایە، لقێکی سەربەخۆی دادگای بەرزی بێرلین لە دادگاییەکی بە تەواوی سەربەخۆ و عادڵانەدا کە نزیك بە ٥ ساڵی خایاند و پاش گوێدان بە شایەتیدانی نزیك بە ١٨٠ کەس و تاوتوێکردنی هەزاران لاپەڕە بەڵگەی موستەنەد، ڕێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی، لە بڕیارێکی مێژووییدا کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێرانیان بە گەلاڵەداڕێژ و بەڕێوەبەری تیرۆرەکە مەحکووم کرد و «واواك»ی بە تاوانبار و هاوبەش لەم تیرۆرەدا ناساند، هەروەها حوکمی دەستبەسەرکرانی نێونەتەوەیی بە دژی علی فەلاحیان، وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعاتی ئێرانی ڕاگەیاند.

ئاکامی ئەو دادگایە ئەوەی سەلماند کە تیرۆر بەشێکی سەرەکی لە چییەتی و پێکهاتەی دەسەڵاتداری و ئۆتۆریتەی خۆسەپێنەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، هەروەها لە دەقی حوکمەکەدا باس لە سیستمی جینایەت و تیرۆری ڕێژیم دەکرێ کە چۆن و بە چ شێوەیەك بەرنامەی لەنێوبردنی هەموو نەیارانی خۆی داڕشتووە و لەو پێناوەشدا لە هەر جۆرە کەرەستەیەکی تیرۆریستی کەڵك وەردەگرێت.

حوکمی دادگای میکۆنووس بوو بە نوختە وەرچەرخانێکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە لەو کاربەدەستانەی ئێران کە نەتوانن لەوە زیاتر درێژە بە تیرۆری نێونەتەوەیی بدەن، بڕیارێك کە بوو بە هۆی ریسوایی زیاتری ڕێژیم لە ئاست بیروڕای گشتیداو ڕوخساری تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بە جیهان ناساند و زۆرێك لە وڵاتانی ئورووپایی و جیهانی بە نیشانەی مەحکوومکردنی ئەم تێرۆرە باڵویزەکانیان لە تاران کشاندەوە و زۆربەی وڵاتانی جیهان و کەسایەتی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کۆماری ئیسلامییان وەك ئەنجامدەری ئەو تیرۆرە مەحکووم کرد.

بڕیاری دادگای میکونووس ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لەو جینایەت و تاوانانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیمیش ناتوانن حاشا لەو کردەوە دزێوەی خۆیان بکەن و لە دوایین وتەکانی یەکێك لە بەرپرسانی ڕێژیم بە نێوی «عەباس سەلیمی نمین» باس لە ڕۆڵی ڕەفسنجانی لە تیرۆری ریستورانی میکونووس و تەقاندنەوەی بنکەی نیزامی ئامریکا لە عەرەبستان و... هتد دەکات و هەڕەشەی ئەوە دەکات و دەڵێت ئەگەر هاشمی بێدەنگ نەبێت زۆرێك لەو تیرۆر و جینایەتانەی کە لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەو و بە بڕیاری ناوبراو و لە لایەن وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعاتی ئێران (عەلی فەلاحیان) بەڕێوەچوون، ئاشکرا دەکات. ڕاستییەك کە دواتر ڕەفسەنجانی دانی پێدانا و ڕایگەیاند کە ئەم کردەوەیە کاری «عەواملی خودسەر» لە نێو ڕێژیمدا بووە، واتە ناوبراو بەو جۆرە قسانە دەیهەوێ بە شێوەیەکی زۆر بێشەرمانە بێئاگایی خۆیان لەو تێرۆرەدا نیشان بدات. جینایەتگەلێکی کە دوای دەیان ساڵ حاشالێکردن لە لایەن ئەنجامدەران و بەرپرسانی ڕێژیمەوە، هەنووکە خۆیان دانی پێ دەنێن. کورد گوتەنی زستان بە هەموو سارد و سڕییەکانەوە تێدەپەڕێ و ڕووڕەشی بۆ خەڵووز دەمێنێتەوە.

# شۆڕشی فەرهەنگیی ئێران

■ گوڵاڵە کەمانگەر

دەسپێکی شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ نەورۆزی ١٣٥٩ و ئەو پەیامەی کە خومەینی لەودا پێداگری لەسەر پێویستیی شۆڕشێکی فەرهەنگی لە ئێراندا کرد، لەو پەیامەدا راشکاوانە رایگەیاند کە مەبەست لە شۆڕشی فەرهەنگی دەرکردنی ماملاستایانی بە وتەی ئەو بەستراوی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوو بۆ ئەوەی زانستگا ببێت بە شوێنێکی باش بۆ داڕشتنی زانستی باڵای ئیسلامی.

پاش ئەو پەیامە لە دواهەمین رۆژەکانی خاکەلێوەی هەمان ساڵدا، سێ رۆژ دەرفەت بۆ کۆکردنەوەی دەفتەر و تەشکیلاتی هەموو رێکخراوە زانستگاییەکان دیاری کرا، هەموو رێکخراوەکان بە سێ رۆژ لە زانستگا دەرکران و پاش ئەو هێرشە کتوپڕە هەموو زانستگاکانی ئێران بۆ ماوەی نزیك بە سێ ساڵ داخران.

ئەمە بەشی دیاری ئەو شۆڕشەیە کە گەلێك جار بیستوومانە، بەڵام ئەوەی کە ئیدەی وەها شۆڕشێك لە کوێوە هات و مێژووی کردەوەی لەو چەشنە دەگەڕێتەوە بۆ کوێ و لەو چەند ساڵەدا و لە ساڵانی دواتریدا چی روویدا بابەتگەلێکە کە لەم وتارەدا بە کورتی باسی لەسەر دەکەین.

ئەگەرچی مێژووی هێرشی فەرهەنگی و شۆڕشی فەرهەنگی شتێکی تازە نیە و دەگەڕێتەوە بۆ سووتاندنی کتێبخانەکان لە سەردەمی داگیرکارییە گەورەکانی مێژوودا، بەڵام ئەوەی وەکوو نموونەیەکی بەرچاو و نزیك بۆ ئەم کارە بەناو فەرهەنگییە بوو بە باشقەی خومەینی و ئەوانەی دەورووبەری، شۆڕشی فەرهەنگی لە چیندا بوو، شۆڕشێك کە بە فەرمانی مائۆ لە ١٨ی ئاگۆستی ١٩٦٦دا دەستی پێکرد و لە رەوتی ئەو شۆڕشەدا خوێندکاران و گاردی سووری چین هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر کەسایەتییە خوێندەوارەکان و پزیشکان و ماملاستایانی زانکۆ و هەر کەسێکی دیکە کە پێیان وابوو ملکەچی تەواوی بیری مائۆئیستی نیە، ئەو هێرشە نامرۆییانە کە زیاتر لە تاوانێکی شێتانەی بەکۆمەڵ دەچوو بەزەیی نە بە کەس دەهات و نە تەنانەت بە هیچ ئاسەوارێکی مێژوویی! هەر لە سەرەتاکانی ئەم شۆڕشەدا دوو میلیون مرۆڤ کوژران و لە کۆتاییدا رێژەی کوژراوەکان لە ماوەی ئەو ١١ ساڵەی کە ئەم شۆڕشە بەناو فەرهەنگییە درێژەی بوو گەیشتە رەقەمی سەیری ١٠٠ میلیون قوربانی!

جنوونی شۆڕشی فەرهەنگی لە چیندا لە سووتاندنی کتێبخانە و زیندەچاڵکردنی نووسەران تێپەڕی و تەنیا لە ناوچەی «وکسوان»دا ١٠٠ کەس بە زیندوویی خوران! چونکوو خواردنی دژبەران تەنیا رێگای سەلماندنی دۆستایەتی و خۆشەویستی بە نیسبەت مائۆ بوو!



ئەو تاوانە گەورە دژەمرۆییە کە لە سەردەمی مائۆ لە چیندا رووی دا هەرگیز وەکوو تاوانی هیتلێر مەحکووم نەکرا و هیچ باسیشی لێ نەکرا و بە پێچەوانە بوو بە باشقە بۆ کەسانێك وەك خومەینی و قەزافی و کەسانی دیکە بۆ لەنێوبردنی هەر بیرێکی جیاواز. رەهەندەکانی شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێراندا ئەگەرچی (بە هۆی جیاوازیی رێژەی حەشیمەت) وەك نموونەی چینی بەربڵاو و لەو ئاستەدا شێتانە نەبوو، بەڵام خەسارێکی جیدی بە پەیکەری زانست و زانکۆ گەیاند، لە چەند ساڵی شۆڕشی فەرهەنگیدا نزیك بە حەوسەد ماملاستا لە زانکۆکان دەرکران، بە وتەی عەبدولکەریمی سرووش کە خۆی یەکێك لە بەڕێوەبەرانی ستادی شۆڕشی فەرهەنگی بوو، ئەندامانی ئەو ستادە زانستگا بە زانستگا دەگەڕان و لەگەڵ ماملاستاکان قسەیان دەکرد، ئەگەرچی سرووش خۆی ناڵێ ئەو قسەکردنە بە شێوەیەك هەمان هەڵبژاردن و پشکنینی بیری ماملاستاکان بووە، بەڵام دیارە جگە لەوە مەبەستێکی دیکە بوونی نەبووە. گرینگترین بابەت بۆ خومەینی و ستادی شۆڕشی فەرهەنگی گۆڕینی رواڵەت و نێوەرۆکی زانکۆ و پاشان هەموو کۆمەڵگا و بەئیسلامیکردنی بوو. بۆ ئەو مەبەستە جگە لە دەرکردنی ماملاستاکان و خوێندکارەکان و هێندێ جار دەستبەسەرکردن و زیندانکردنیان، دامەزراوەگەلێك وەك دامەزراوەی نوێنەری رێبەری، ئەنجومەنی ئیسلامی پێك هات، بەرپرسایەتیی زانکۆکان بە مەلاکان بەخشرا و هەروەها وانەگەلی دەرسی وەك مەعارفی ئیسلامی و مێژووی ئیسلام و دەقە ئیسلامییەکان و شۆڕشی ئیسلامی و... هتد کە هەم لە لایەن مەلاکانەوە دادەڕێژرا و هەر ئەوانیش وەکوو ماملاستای زانکۆ دەیانگوتەوە هاتە نێو هەموو بوارە زانکۆییەکانەوە. ئەو رەوتە دوای چوارساڵی یەکەمی شۆڕشی فەرهەنگیش هەر درێژەی بوو و ستادی شۆڕشی فەرهەنگی بوو بە شورای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی و تا ئێستاش خەریکە بە کاری خۆی واتە لێکۆڵینەوە و پشکنینی بیری ماملاستاکان و خوێندکاران درێژە دەدات، بەڵام پاش سی ساڵ لە شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێراندا هێشتا دەسەڵاتی ئیسلامی پێی وایە بە مەبەستی نیهاییی خۆی نەگەیشتووە و هەر بۆیە دیسان باسی پێویستیی ئاڵوگۆڕ لە زانستگا و دەرکردنی ماملاستاکان دەکەن. لەم دواییانەدا سوبحانی کە مەرجەعێکی لاساییکردنەوەی شێعەیە باسی گرنگیی دەرکردنی ئەو ماملاستایانەی کردووە کە بە وتەی ئەو هاوتەریب لەگەڵ ئیسلام و شۆڕشی ئیسلامیدا ناجووڵێنەوە، زۆربەی ماملاستاکانی ئەمڕۆی زانکۆکانی ئێران لە فیلتەری شوورای شۆڕشی فەرهەنگی گوزەراون و تەنانەت پەروەردەی هەمان زانکۆی ئیسلامیکراوی پاش شۆڕشی فەرهەنگین، بەڵام دیسان بۆ دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئیسلامی کێشەخوڵقێنن و سەرهەڵدانی زانکۆ لە ١٨ی پووشپەڕی ٧٨دا دەسەڵاتی لەو مەترسییە بە ئاگا هێنا، هەر بۆیە بە درێژای ١٢ ساڵ پاش ئەو رووداوە خەریکی خەسارناسی و لێکدانەوەی رووداوەکانی نێو زانکۆکانن و لەم دواییانەدا بەردەوام باسی ئیسلامیکردنی زانکۆ، جیاکردنەوەی رەگەزیی خوێندکاران و پێداچوونەوەی زانستە مرۆییەکان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی لە مەسەلەی شۆڕشی فەرهەنگیشدا وەك هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی خۆی بەشی لەنێوبردنی نێوەرۆك و گرینگی ئەو، دەخاتە پەراوێزی پرۆپاگاندای گۆڕینی رواڵەت و هەر بۆیە جیاوازیی رەگەزی دەکات بە درووشمێکی گەورە و سەرەکی کە بە وتەی وەزیری نێوخۆ دەبێ لە باخچەکانی منداڵانەوە تا زانکۆکان بە جیدی جێبەجێ بکرێت، لە درێژەی ئەو بڕیارەدایە کە گۆرانی خوێندن و سەما و شادی لە باخچەکانی منداڵاندا قەدەغە دەکرێت و بە کردەوەی بە نائەخلاقی دەناسرێ! ئەو بۆچوونە و ئەو شێوە هەڵسوکەوت و بڕیاردانە سەبارەت بە مەسەلەی ئەخلاق و رەگەز ئەگەرچی لە جێگەی خۆیدا شایانی ئاوڕدانەوە و خەسارناسییە بەڵام مەبەستێکی دووهەم و گرینگتر دەپێکێ کە بریتییە لە شاردنەوە و خستنە پەراوێزی پرۆسەی بێنێوەرۆککردنی زانکۆ و دابەزاندنی بەرچاوی ئاستی فەرهەنگ و تێگەیشتنی کۆمەڵگا و لەنێوبردنی هزر و ئەندێشە کە تاوانێکی گەورەی مرۆیی دێتە ئەژمار و کەس هەستی پێناکات.

ئەوەی لە شۆڕشی فەرهەنگیی ئێراندا رووی داوە و ئێستاش هەر درێژەی هەیە، ئەگەرچی بە رواڵەت وەك شۆڕشی فەرهەنگیی چین خوێناوی و دڕندانە نەبوو بەڵام لە باتی هەر رۆژێك کە بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی زیاد دەبێ، فەرهەنگ و زانست و ئەخلاق لە کۆمەڵگای ئێراندا هەنگاوێك بەرەو لەنێوچوون و رووخانی یەکجاری نزیك دەبێتەوە و ئەوە تاوانێکی گەورە دەرهەق مرۆڤایەتییە و هاوسەنگی لەگەڵ نموونەکانی دیکەی مێژووی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لە جیهاندا دەکات.

# سپای پاسداران، رێکخراوێکی تیرۆریستی

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

بە ماوەیەکی کەم، واتا ٢١ رۆژ دوای راگەیاندنی ریفراندۆمی نادێموکراتیکی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ی هەتاوی، لە ٢ی بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە فەرمان و رێنوێنیی شەخسی خومەینی «سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی» دامەزرا.

ئامانجی سەرەکی داروودەستەی باندی خومەینی لە دامەزرانی سپای پاسداران، لە لایەك پاراستنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و لە لایەکی دیکەوە ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ئیسلامی بە هۆی دامەزرانی رێکخراوەگەلی تیرۆریستییەوە بوو.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە کردەوەکانی سپای پاسداران لە دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێراندا دەکەین:

ـ کردەوەکانی سپای پاسداران لە ئاستی نێوخۆی ئێراندا:

سپای پاسداران بە کردەوە لە کاتی هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت تورکەمەن سەحرا و خوزستان رۆڵی سەرەکی هەبووە. لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان و وێرانکردنی شار و گوندەکان و میلیتاریزەکردن دەستی باڵای هەبووە و هەیە.

تیرۆری فیزیکی کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ئایینییەکان بەتایبەت تیرۆری دوو رێبەری ناوداری نەتەوەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی رێبەر و د.سەعید شەرەفکەندیی بلیمەت لە کردەوە تیرۆریستییەکانی سپای پاسداران بوو.

هەروەها سپای پاسداران لە ژێر ناوی کاری فەرهەنگیدا لە پەروەردەکردن و بارهێنانی ئەندامانی تاقم و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ژێر ناوی خوێندکارانی وڵاتانی ئیسلامی لە زانستگا و قوتابخانەکانی سپای پاسداران، هەروەها پشتیوانیی ماڵی و دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ تاقمە تیرۆریستییەکان، دەستی هەبووە.

ـ کردەوەکانی سپای پاسداران لە ئاستی دەرەوەی ئێراندا:

ئەرکێکی دیکەی سپای پاسداران لە هەلومەرجی ئێستادا دژایەتیکردن لەگەڵ سیستمگەلی دێموکراتیك و فیدراڵە. هەر بۆیە بۆ بڕەودان بەم سیاسەتە و نائارامکردنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە رێگای تاقمە تیرۆریستییەکان، سیاسەتی نافەرمی خۆی دەگرێتە بەر و لەو رێگایەوە دەیهەوێت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ گۆڕانکاری دڵخوازی خۆی بێنێتە دی.

سپای پاسداران لە دەرەوەی ئێراندا لە دوو فاکتەر بۆ بڕەودان بە سیاسەتی تیرۆر کەڵك وەردەگرێت کە بریتین لە:

یەکەم: ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی دێموکراتیك و فیدراڵ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناسەرکەوتوونیشاندانی ئەو شێوازە لە دەسەڵات لە ناوچەدا.

دووهەم: کەڵك لە نانەوەی ترس و تۆقاندن و ئامووزشی تاقمە تیرۆریستییەکان وەردەگرێ، تا لەم رێگایەوە پێش بە ئاڵوگۆڕە دێموکراتیکەکان لە ناوچەدا بگرێت.

بەڵام بە ئاشکرابوونی سیاسەتی نامرۆڤانە و دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا، رای گشتیی جیهان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سپای پاسداران سەرچاوەی بڕەودان بە سیاسەتی تیرۆر و تیرۆریزمە لە جیهان و ناوچەدا. هەر بۆیە هەر رۆژ رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو قەیرانی قووڵتر دەبات و چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە سپای پاسداران دەست لە سیاسەتی تیرۆر و تیرۆریزمپەروەری هەڵگرێت.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ غوڵامعەلی حەداد عادڵ، خەزووری موجتەبای وەلیعەهد و سەرۆکی پێشووی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و سەرۆکی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە دوایین دیناو(مکاشفەی) خۆیدا بۆی دەرکەوتووە کە نرخی شمەکەکان لە ئێراندا زیادی کردووە. غوڵامعەلی کە بە باوەڕی خەزووری کچەکەی، چاوی بەسیرەتی لە تێلسکۆپی»هابێل« بەهێزترە، رایگەیاندووە:» خێزانم دەڵێت نرخی شمەکەکان زیاد بووە»، هەر بۆیە داوا دەکات کە بەرپرسانی پێوەندیدار وەڵام بدەنەوە. تەح لەو درۆیە، خوا رووی درۆزن رەش کات، بۆ ئەو بوختانەی دەیکەی!

هەڵبەت روون نیە کە بەرپرسانی گرانی دەبێ وەڵامی غوڵامعەلی بدەنەوە، یان خێزانی جەنابیان؟ هەروەها روون نیە کە بەرپرسانی رێژیم دەبێ راستەوخۆ وەڵام بدەنەوە یان لە رێگەی خێزانیانەوە بە خێزانی غوڵامعەلی و ئەویش بە خێزانی راگەیەنە گشتییەکان رابگەیەنن کە خێزانەکانی هەموو خەڵك لە وەڵامی دەوڵەت ئاگادار بکەنەوە. هەڵبەت پێشتر ئەحمەدینژاد لە رێگەی خێزانیەوە ئاگادار کرابوو کە بەپێی نرخی پێوەر(نرخی شمەکەکان لە سووپرمارکێتی سەرکۆڵانەکەی خۆیان) نەك هەر گرانی بوونی نیە بەڵکوو لە بنەڕەتدا» گەمارۆی ئابووری نەمەنە؟»

هەروەها ئەگەر لە بیرتان مابێت پێشتر داپیری کەڕوویی ناسراو بە «نەنجوون» باسی لە گرانبوونی گۆشت و هێلکە کردبوو. لەم نێوانەدا خێزانی وەلی فەقیە هێشتا هەستی بە دۆخەکە نەکردووە و پیاوەکەشی کە بێقەزا بێت پێی وایە خەڵك لە بەرەکەتی گرانی تێنەگەیشتوون، دەنا گرانی فەڕ و نووری ئاسمانییە و دەبێ بڵێین «لە خوا بە زیاد بێت».

ـ مەحموود ئەحمەدینژاد بە لایەنگرانی خۆی رایگەیاندووە: « بێخەم بن و درێژە بە کاری خۆتان بدەن، خوا سەرکۆماری داهاتووی ئێرانی دیاری کردووە». مەحموود کە پێشتر دەیگوت ئیمامی زەمان مودیرییەتی کاروباری دەوڵەت دەکات و بەرپرسی ستادی دابەشکردنی یارانەکانە، واتە لە بەردەستی «بێهرووز موورادی» کار دەکات. ئێستا خوای بە بەرپرسی ستادی هەڵبژاردنی داهاتوو ناو بردووە... وا بچێتە پێش، سبەی دوو سبەی مەحموود دەڵێ: «لەگەڵ ئەحمەد جەننەتی پێوەندیم هەیە» یان هەموو بەیانییەك لەگەڵ خامنەیی « چای شیرین و ماست مووسیر» دەخۆم.

ـ ئەحمەد خاتەمی، بەرنوێژی هەینیی تاران، گووتویە: «هەموو رۆژێك کۆمەڵێك نامەی پڕ لە جنێو و سووکایەتی بۆ من دێت، بەڵام من ئەگەر جنێوبارانیش بکرێم متەقم لێ دەرنایەت و کاری خۆم دەکەم».

هەڵبەت بۆ ئەحمەد خاتەمی کە جنێو و سووکایەتی نەشئەی دەکات، جنێو لە ڤیتامینی»B complex« پێویستتر و لە شەکری کووبا شیرینترە. ئەوانەی کە کەسایەتیی «بلدالملك» ی زنجیرەی «قهوه ی تلخ» یان بینیوە دەزانن چی دەڵێم. بەوانەی کە زەحمەتی نووسینی جنێونامە بۆ ئەو کابرایە بە خۆیان دەدەن، دەڵێم «دەرزی پێستی کەرگەدەن نابڕێ، ئێوەش لەو بوارەدا لە سوڵتانی موڵکی جنێو نایبەنەوە، کە واتە لە زەوینی ئەودا یاری مەکەن. دەیدۆڕێنن».

# سەگەکان بۆ کێ هەڵدێن؟

■ کەیهان یووسفی

لەم جیهانەی کە ئێمە تێیدا دەژین و لە ڕێڕەوی پێچاوپێچی مێژوودا، مرۆڤگەلێکی زۆر هاتوون و ڕۆیشتوون و هەر کەس بە ڕادەی بەهرە و توانایی و تێگەیشتنی لە بەرپرسایەتیی بوونی، توویەکی چاندووە.

کەسانێك شوناس و چییەتی و جەوهەری مرۆیی خۆیان ناسیوە و ڕێگای دژوار و تاقەتپڕوکێنی هەقیقەتخوازی و ئازاد ژیان کردنیان هەڵبژاردووە، دژواری، ژان و ڕەنجەکانیان بە گیان سەندووە و کەوتوونەتە بەر هێرش و تووڕەیی دەسەڵاتداران و زاڵمان و کەسانێکی دیکەش ویژدانی خۆیان لە سێدارە داوە و بوونەتە کۆیلە و گوێڕایەڵ و خزمەتگوزاری دەسەڵاتداران و دیکتاتۆرە سەرەڕۆکان.

مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەم دوو گرووپە بووە، گرووپێك کە دەنگی مافخوازی خەڵکە و لە ناخی کۆمەڵگاوە هەستاوە و ئاڵای ئازادیخوازی بەرز کردۆتەوە و ئەوانەی کە گوێکانیان کەڕ و چاوەکانیان کوێر کردووە و بوونەتە کۆیلەی پارە و دەسەڵات.

لە کوردستانیش خۆفرۆشان و فریوخواردووانێك بوون کە کەڵەوە (یوغ) ی بێ‌شوناسییان بە ملیان هەڵواسیوە و ڕێگای خزمەت بە داگیرکەرانی ئەم خاکە و خیانەت بە وڵات و نەتەوەی خۆیان هەڵبژاردووە، ئەگەرچی زۆربەی ئەمانە بە هۆی نائاگاییەوە کەوتوونەتە نێو ئەم بۆسەیە بەڵام گوێ لە مستان و قەڵەم بە کرێگیراوانێکی بێ‌شوناسیش هەن کە ئاو بە جۆگەی داگیرکەران و دەسەڵاتدارانی زاڵمدا دەکەن و دژی ڕۆڵە دەروەست و لە خۆبردووەکانی ئەم گەلە، شان بە شانی داگیرکەران شەڕ دەکەن.

یەکێك لەو گوێ لە مست و خۆفرۆشانە لەم قۆناغە زەمەنییەدا کەسێك نیە بێجگە لە بەناو «لێکۆڵەر»ێکی خۆخواز بە ناوی عیرفانی قانعی فەرد.

قانعی فەرد چەند ڕۆژ لەمەوبەر میوانی بەرنامەی «همصدایی» لە کاناڵی ئاسمانی فارسی ئەندێشە بە پێشکەشکاریی «فرامرز فروزندە» بوو. لە بەرنامەیەکی ئەندازیاریکراو دووپاتکردنەوەی هێندێ قسەی بێ‌بنەما و گێڕانەوەگەلی بێ‌بەڵگە و نامەعقوول بە گومانی خۆی دەیەویست مێژووی خەباتی گەلی کورد بە پێکۆڵ بکێشێ یان بەوتەی خۆی ڕەخنەی لێ بگرێت و ڕاستییەکانی بزووتنەوە و سیما خۆشەویستەکان و بەها نەتەوەییەکانی ئەم نەتەوە، ڕوون بکاتەوە. بەڵام ڕەخنەگرتن لە مێژوو و دۆزینەوەی هەقیقەت بەرپرسایەتییەکە ڕەوتی مێژوو هەر کەسێك بە شیاوی ئەوە نازانێت و بە وتەی ئیدوارد سەعید ئەوەی کە لەمەڕ دەوری توێژەرێکی هەقیقەتەوە گرینگە، سەربەخۆیی و ئارمانجی ئەوە.

سەربەخۆیی توێژەری هەقیقەت لە ناوەندەکانی دەسەڵات کە مەبەستێك جیا لە وەرگرتنی کەسەکان بۆ ئامانجگەلێك وەکوو سڕینەوەی دژبەران و خوازراو نیشاندانی نەخوازراو و پاساوهێنانەوە و پشتگوێ خستنی کردەوەکانی ئەم ناوەندانە بە هۆگەلێك وەکوو «مەسڵەحەت» یان «شانازی نەتەوەیی» نیە و خستنە بەرباسی دوو ئارمانجی «ئازادی» و «عەداڵەت» کە پێوەری هەڵسەنگاندنی گشت کردەوەی حکوومەتەکانە، بنەمای سەرەکی بوونی توێژەری هەقیقەت نیشان دەدات.

توێژەری هەقیقەت ڕەخنە لە واقیع دەگرێت کە خوڵقێنەری واقعییەتیش بێ‌گومان دەسەڵاتە. بەڵام ئایا کەسانێك وەکوو قانعی فەرد لە ڕیزی ئەم کەسانەدا جێ دەگرن؟

ئایا قانعی فەرد ڕەخنە لە حکوومەت و کردەوەکانی دەگرێت؟ ئایا ئارمانجی قانعی فەرد عەداڵەت

**قانعی‌فەرد بەپێی ئەو مەئمووریەتەی پێی سپێردراوە هەوڵ دەدات سەرپۆش لەسەر کردەوە و جینایەتەکانی ناوەندێکی دەسەڵاتدا بنێ کە ئەویان بە کرێ گرتووە**

و ئازادی و بەرگری لە مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەکەیە؟ قانعی فەرد لە چوارچێوەی کامە سیاسەتدا بە وتەی خۆی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەکات؟

قانعی فەرد مێژووی خەباتی ئازادیخوازانە و مافەکانی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو هەرزان فرۆش دەکات، خەباتی خوێنینی ئەم گەلە بە وڵاتانی بیانییەوە پێوەند دەدات، بۆچوون و قسەگەلێك کە ئاغاوەتەکانی وی لە جەماران و قوم سێ دەیە کە دەیڵێنەوە و ژاوەژاوێکی وەها بۆ خەڵکی کوردستان قسەیەکی تازە نییە.

قانعی فەرد بەپێی ئەو مەئموورییەتەی پێی سپێردراوە هەوڵ دەدات سەرپۆش لەسەر کردەوە و جینایەتەکانی ناوەندێکی دەسەڵاتدا بنێ کە ئەویان بە کرێ گرتووە. بە وتنی گێڕانەوەگەلێکی بێ‌بەڵگە و نامەعقوول لە هەوڵی دروستکردنی شك و گومان لەمەڕ تیرۆری ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت دوکتور قاسملوو لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندیدایە. ئەو دەیهەوێت کۆماری ئیسلامی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەنجامدانی گشت جینایەتەکانی لە کوردستان بێ‌تاوان نیشان بدات.

قانعی فەرد حیزبەکان بە ئامیانی شاد و زیندوویی هەر کۆمەڵگایەك دەزانێت و لە هەمان حاڵدا پێکهێنانی حیزبە کوردییەکان بە کاری بیانییەکان دەزانێت. لاوان و چالاکانی کوردی هان دەدات بۆ بەشداریی سیاسی، بەڵام ئایا پێکهێنانی حیزب و چالاکی لە نێو ئەو حیزبەدا بە واتا بەشداری سیاسی نییە؟ ئایا ڕێژیمی خوازراوی ئەو (کۆماری ئیسلامی) ئیزنی چالاکی و بەشداریی سیاسی بە دەر لە چوارچێوە دیاریکراو و کۆنترۆڵکراوەکانی خۆی بە کەس دەدات؟

قانعی فەرد تیرهاویشتن بەرەورووی سەربازە ئێرانییەکان (پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی) بە کردەوەیەکی قیزەون ناو دەبات؟

بەڵام ئایا لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد، قەڵاچۆ و کوشتاری ژنان، منداڵان و بە ساڵاچووانی کورد و هەزاران جینایەتی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا پاساوهەڵگرە و ناکرێت ڕەخنەی لێ بگیردرێت کە ئەم لێکۆڵەرە شازە! ئاوڕی لێ ناداتەوە؟

ئەم پیاوە ماقووڵە خۆی بە لایەنگری مودێرنیتە و و ئەندێشەی مودێڕن دەزانێت، ئەو مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان(نەتەوەی کورد) بە کارێکی دوا کەوتووانە دەزانێت بەڵام بەشداری لە حکوومەت و هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی سەدەنێوەڕاستی کۆماری ئیسلامی بە کارێکی مودێڕن و سەردەمیانە ناو دەبات!

یەکێکی لەو مەئموورییەتانەی بە قانعی فەرد سپێردراوە، چاندنی تووی ڕق و دووبەرەکی لە نێوان حیزب و ڕەوتە کوردییەکانی لە بەشەکانی کوردستانە.

گێڕانەوەگەلی زارەکی بێ‌بنەما و بێ‌بەڵگە کە لەمەڕ دژایەتیی نێوان شەهید قازی محەممەد و خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی لە کۆماری کوردستاندا باس دەکات. باسگەلێك لە پێوەندی لەگەڵ بەستراوەبوونی بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ دامودەزگای زانیاری وڵاتانی بیانی، قسەیەکی نوێ نیە کە عیرفانی قانعی فەرد ئەمڕۆ وەکوو «تووتی» دووپاتی دەکاتەوە، وەها قسەگەلێك هەر ئەو میکانیزمەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە بۆ سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەی کورد لەم ساڵانەدا. ئەوان لە جیاتی وەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی ڕەوای گەلی کورد، لە ڕێگەی وەها میکانیزمگەلێکەوە ئەم بزووتنەوانەیان سەرکوت کردووە. کردەوەکانی قانعی فەرد من دەخاتە بیر چیرۆکێکی بەناوبانگ، «دەڵێن ڕۆژێك لە دەشتێکدا سەگێك بە شوێن کەروێشکێکدا هەڵ دەهات، و نەیدەتوانی بیگرێ، کەروێشك سەری هەڵگەڕاندە دواوە و بە سەگی وت: خۆت ماندوو مەکە قەت ناتوانی من بگری؟ چونکو تۆ بۆ کەسانی‌تر هەڵ دێت و من بۆ خۆم».

بەڕێز! قانعی فەرد تۆ بۆ کەسانی دیکە ... و ئێمە بۆ خۆمان.

# ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و تورکیە لە ناوچەدا

■ وەرگێڕان لە ئینگیزییەوە: ڕێبوار فانی
■ وەرگێڕان بۆ کوردی: کوردستان



ڕووداوی بەهاری عەرەبی، پەرەی بە ڕکەبەریی ئیدئۆلۆژیك لە نێوان تاران و ئانکارا داوە. بەهاری ڕابردوو، حکوومەتی ئێران بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو شۆڕشانەی کە لە هێندێ وڵاتی عەرەبیدا ڕوویان داوە، لەو شۆڕشە دەچێ کە چەند دەیە پێش لە ئێراندا ڕووی دا، شۆڕشێك کە دەتوانێ ئۆلگوویەك بێ بۆ حکوومەتەکانی دواڕۆژی ئەو وڵاتانە. بەڵام بینیمان کە لەو هەڵبژاردنانەی کە لە وڵاتانێك وەك میسر و توونێس بەڕێوە چوون، ئەو حیزبە ئیسلامییانەی کە براوەی هەڵبژاردنەکان بوون، مەیلی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی خۆیان بەو ئۆلگووە ئیسلامییەی لە تورکیەدا هەیە، نیشان دا تا بەو شێوە حکوومەتە مەزهەبییەی لە ئێراندا زاڵە. جگە لەمە، کاتێك کە وتەبێژی گرووپی حەماس لە دێسامبێری ساڵی ٢٠١١دا، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوازی ئەو حیزبەی بەرەو بەرخۆدانی بەبێ توندوتیژی ڕاگەیاند، زەبرێکی دیکە لە پەیکەری حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا درا. ڕاگەیاندنی وەها هەڵوێستێك لە لایەن حەماس، نیشانده‌ری دوورکەوتنەی لە سووریە و ئێران و نزیکبوونەوەی بە وڵاتانی میسر، تورکیە و قەتەر بوو. سنووری دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان ئێران و تورکیە زیاتر لەوەیە کە تەنیا بە بابەتی مەزهەبی بەرتەسك ببێتەوە. کۆماری ئیسلامی، گەورەترین پشتیوانی حکوومەتی سووریەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئانکارا دڕندەیی و توندوتیژی حکوومەتی سووریە بە توندی مەحکووم دەکات و بە خانەخوێیی بۆ کۆبوونەوەی شوورای نەتەوەیی سووریە و ئەرتەشی ئازادیبەخشی ئەم وڵاتە، بە هەموو هێزیەوە خەریکی پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتەیە. لە عێراقیشدا، حکوومەتی ئێران پشتیوانیی شێعەکانی ئەم وڵاتەیە، لە کاتێکدا کە تورکیە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابووری بەریانی بەلای سوننییەکان و کوردەکانە. ئەم دوو وڵاتە لەسەر پرسی دامەزراندنی سیستمی قەڵغانی دژەمووشەکی ناتۆ لە خاکی تورکیە لە سێپتامبری ٢٠١١دا، ناکۆکیگەلێکیان لە نێواندا ساز بوو.

حکوومەتی تورکیە بانگەشە دەکات کە وەها قەڵغانێکی دژەمووشەکی لە بەرامبەر ئێراندا پەرەنەسەندووە. سەرەڕای ئەمە، بەرپرسانی سیاسی ئێران لە مانگی دێسامبردا هۆشدارییان دا کە ئەگەر لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هێرش بکرێتە سەریان، ئەوانیش دەست دەدەنە کردەوەی تۆڵەئەستێنانە لە خاکی تورکیەدا.

لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حیزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیەدا، زۆرێك لە کارناسانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تورکیە بەرەو دوورکەوتنەوە لە ڕۆژئاوا و نزیکبوونەوە لە ڕۆژهەڵات هەنگاو دەنێ، چوونکە کردەوەگەلێك وەك بوون نێوبژیوانی تورکیە بۆ ئاڵوێری سووتەمەنی ناوکی بۆ ئێران لە ساڵی ٢٠١١دا یان تەنانەت دژایەتیی تورکیە لەگەڵ دانانی گەمارۆی نوێ دژی ئێران، ئەو گومانەیان دروست کردبوو. لە ڕاستیدا لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوو، سیاسەتی دەرەکی تورکیە، شتەیەك پتر لە گۆڕەپانێك بۆ ململانێی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یان ململانێی ئامریکا و ئێران نەبووە. حیزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیە، سەرنج و تەرکیزی خۆی خستە سەر مینانەڕۆیی و مۆدێرنیزم، بەڵام نەك لەسەر بنەمای پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەڵکوو لەسەر بنەمای سیستمێکی دێموکراتیك و پراگماتیست کە خۆی پێناسەی کردبوو. ئەگەرچی کادری ڕێبەری ئەم حیزبە، مەیلگەلێکی مەزهەبییان هەیە، بەڵام وەها مەیلگەلێکیان بەسەر سیستمی حکوومەتی لە تورکیەدا نەسەپاندووە. مەسەلەیەکی شایانی باسی دیکە، ئاڵوگۆڕی سیاسەتی دەرەکی تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و عێراقدایە. لە ڕوانگەی حکوومەتی پێشووی تورکیەوە، کوردستانی عێراق بە هەڕەشەیەکی مەزن دەژمێردرا. چوونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو نیگەرانییەیان هەبوو کە کوردەکانی کوردستانی تورکیە لەگەڵ کوردەکانی عێراق بتوانن چالاکییەکانی لە پێناو دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەتر چڕ بکەنەوە.

بەڵام هەنووکە، حیزبی دادوگەشەپێدان، کوردستانی عێراق وەکوو دەرەتانێك بۆ سەرمایەدانانی ئابووری چاو لێدەکا. لە یەك دەیەی ڕابردوودا، کومپانیگەلێکی زۆر لە لایەن تورکیەوە لەم ناوچەدا دەستیان بە کار کردووە. ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان، سەرۆکوەزیرانی تورکیە لە ساڵی ٢٠١١، فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی و هەروەها کونسولگەریی تورکیەی لە شاری هەولێر، پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە.

جگە لەمە، ئانکارا گرینگییەکی زۆر دەدا بەو ئاڵوگۆڕانەی لە میسر، غەززە و توونێس ڕوو دەدەن، چوونکە خەڵکی ئەو ناوچانە پێوەندیگەلێکی قووڵی مەزهەبی و مێژووییان لەگەڵ تورکیەدا هەیە.

حکوومەتی هەنووکەی تورکیە هەوڵی داوە تا ئەو شوێنەی دەلوێ، بە شێوەیەکی پراگماتیستانە، سیاسەتەکانی بەرەوپێش بەرێ و خۆی لە ناکۆکییە فیرقەییەکان لە وڵاتانێك وەك لوبنان، سووریە و بەتایبەت عێراق دوور ڕابگرێ. بەپێچەوانەی وڵاتگەلێك وەك ئێران کە خۆی بە پشتیوانیی شێعەکانی ناوچەکە یان عەرەبستان کە خۆی بە پشتیوانیی سوونییەکان دەزانێ.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ڕاستییەکانی ناوچەکە سیاسەتی کردەوەگەرایانە و ئارمانگەرایانەی تورکیەی بە چالێش کێشاوە. لەوانە دەکرێ ئاماژە بە ناسەرکەوتووبوونی تورکیە لە پێکهێنانی پردی پێوەندی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر پرسی ناوکی ئاماژە بکرێ. سەرەڕای هەوڵی تورکیە بۆ خۆبواردن لە باسە فیرقەییەکان، بەڵام هێشتا ئەو وڵاتە لە پێکهێنانی پێوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ شێعەکانی ناوچەکە سەرکەوتوو نەبووە. نووری مالکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق وەکوو کەسێك کە بە هاوپەیمانی ئێران ناسراوە، بە بەردەوامی بە دژی دەستێوەردانەکانی تورکیە لە کاروباری سیاسیی عێراق قسەی کردووە.

لە سووریەیش، شوێنێك کە ڕێژیمی عەلەوی ئەسەد بە شێوەیەکی دڕندانە کەمایەتیی سوونی سەرکوت دەکات، دووفاقییەکی ئاشکرا سەری هەڵداوە، چوونکە تورکیە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە پشتیوانی دەکا کە ڕێبەرە بەرچاوەکانی سوونی مەزهەبن.

ئێران لەو مۆدێلی ئیسلامی لیبراڵییە کە لە تورکیەدا زاڵە و لە لایەن وڵاتانی دیکەوە ناوچەکەوە سەرنجی پێ دەدرێ، تۆقیوە. کاریگەرییە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی کە خۆی وەکوو ئاڵاهەڵگری ئیسلام لە ناوچەکە دەناسێنێ، هەر ئێستا کەوتووەتە ژێر سێبەری تورکیە و ئەمەیش دەکرێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئاواتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکی ئازاد، دێموکراتیك و لێوانلێو لە ئاشتییان هەیە، هەواڵێکی خۆش بێ.

سەرچاوە:
Foreign Afffairs.com

# عەقڵانییەتی بژێویانە و کاریگەری لەسەر دەنگدان بە دیکتاتۆری



■ ڕێبوار

**بەشی یەکەم**

یەکەم پرسیار ئەوەیە کەوا ئەقڵانییەتی بژێویانە چیە و چۆن و لە چ جۆرە کۆمەڵگایەك ساز دەبێ؟ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ئەقڵانییەتە چیە؟ ئایا سیاسەتی دەوڵەت ڕۆڵێکی لە سازبوونی ئەم ئەقڵانییەتە هەیە؟ ئەقڵانییەتی بژێویانە چۆن دەتوانێ کاریگەری لەسەر دەنگدان بە دیکتاتۆری دابنێت؟

عەقڵانییەتی بژێویانە لە بەرانبەر عەقڵانییەتی زانستی یان مۆدێرن پێناسە دەکرێ. عەقڵانییەتی بژێویانە تەنیا لە دوای هەلپەرەستی و بەرژەوەندیی تاکەکەسیدایە و بەها بە بیرکردنەوەی نێوان ماوە و دوورماوە و کاری بەکۆمەڵ (جمعی) و بەرژەوەندیی گشتی نادات. ئەو عەقڵانییەتە زۆرتر لە غەریزە فەرمان وەردەگرێ و بیرکردنەوەی زانستی لێرەدا واتایەکی نیە. بەڵگەهێنانەوەی زانستی و بیرکردنەوەی مۆدێرن تەنیا بۆ رازاندنەوەی کەسایەتیی ڕواڵەتی تاکەکانە نەوەك باوەڕی قووڵ بە مۆدێرنیتە و کەسایەتیی راستەقینەی مۆدێرن. بە واتایەکی دیکە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی ئێرانی و کوردستانی بیرێکی مۆدێرن بەڵام کەسایەتییەکی نامۆدێڕنیان هەیە. ریشە و سەرچاوەی ئەم جۆرە عەقڵانییەتە بۆ کۆپیکردنی ژیانی ماددی رۆژئاوا و تێنەگەیشتن یان خۆگێلکردن لە ناوەڕۆکی کولتووری مۆدێرن کە بەرهەمی کاری چەند سەد ساڵەی رۆژئاواییەکانە، دەگەڕێتەوە. عەقڵانییەتی بژێویانە تەنیا دەیهەوێ لە دەسکەوتە مادییەکانی جیهانی مۆدێڕن کەڵك وەرگرێ و خۆی بۆ پێکهێنانی بنەما فکری، کولتووری، ئابووری و سیاسییەکانی مۆدێرنیتە ماندوو ناکات.

لە نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیی چالاك و ستراتیژییەکی نەتەوەیی راستەقینە و کردەیی، کەسایەتیی مۆدێڕن و خاوەن بڕیار و نەترس ساز نابێت. کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ نێوبژیوان بێت لە نێوان شارۆمەندان و دەسەڵات و تاکەکان دەتوانن بەبێ ترس لە سزادان و بێبەشبوون لە ئیمکاناتی وڵاتەکەیان، نارەزایەتی و رەخنەی خۆیان لە دەسەڵات دەربڕن و دەنگ بە نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان لە هەڵبژاردنێکی راستەقینە بدەن. ئەندیشە و دیسکۆرسی مۆدێرن بەبێ بوونی کۆمەڵگای مەدەنی و کەسایەتیی مۆدێرن ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە.

زۆربەی تاکەکانی ئێرانی و کوردستانی ئاگادار بە بابەتی عەقڵانییەتی مۆدێرن و کولتووری مۆدێڕن هەن بەڵام هیچ هەوڵێك بۆ چەسپاندنی بنەما کردەییەکانی مۆدێرنیتە تەنانەت لە کەم تێچووترین ئاستییدا وەك مافی دەنگنەدان یان مانگرتن و بایکۆتی هەڵبژاردنی دیکتاتۆری نادەن. رەنگە زۆر لە دەنگدەران بڵێن دەنگی پووچمان داوە بەڵام ئەوە کڵاوێکی گەورەیە کە دەیکەنە سەری خۆیان و ڕێژیم بۆ هەر کام لەو دەنگانە گەرچی پووچیش بێت کەڵکی تایبەتی لێ وەردەگرێ. ئەو چەشنە دەنگدانە ڕێژیم تەیار دەکات بە سەرکوت و ترساندنی زیاتری خەڵك بۆ پێشبردنی پڕۆگرامە دژەمرۆڤییەکانی لە داهاتوودا. عەقڵانییەتی بژێویانە بیر لەو خاڵە ورد و گرنگانە ناکاتەوە و دەکەوێتە داوێکەوە کە ڕێژیم بۆی دارشتووە. ئەو عەقڵانییەتە بیر لەو بڕە پارەیە دەکاتەوە کە وەکوو یارانە وەریدەگرێ، بەبێ سەرنجدان بەوەی کە هەر شارۆمەندێك مافی کەڵکوەرگرتن لەو شتەی هەیە سا دەنگ بدات یان نا. هەروەها کارکردن و دامەزران و کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی وڵات لە سەرەتاییترین مافەکانی هەر شارۆمەندێکە و پەیوەندی بە بەشداری لە هەڵبژاردنی دیکتاتۆریدا نیە.

لە مێژە لە ئێران هەژاری لە رادەی قاتوقڕی نەماوە (فقرزدایی). هەر تاکێکی ئێرانی بە ئاسانی دەتوانێ قومە ئاوێك و سێ نان و کەوچکە چایەك بە دەست بێنێ و لەبرسان نەمرێ. ئەی بۆ خەڵك پێیان وایە لە ئەفریقای ڕەش گیریان کردووە و ئەگەر نەچنە سەر سندوقی دەنگدان بۆ نانی شەو دادەمێنن. ئایا بەڕاستی خەڵك تا ئەو ڕادە برسی و داماون یان ئەوە وەهمێکە کە لە لایەن دەسەڵاتدارەکانەوە پڕوپاگاندەی بۆ دەکرێ و خەڵکی پێ دەترسێندرێ؟ عەقڵانییەتی بژێویانە ئەو عەقڵانییەتەیە کەوا ئێمەی خەڵکی ئێران و کوردستان بەو ڕادەیە لە عەقڵ و بیرو هزرمان کەڵك وەرگرین کەوا تاکێکی ئەفریقایی لەبرسان مردوو لە عەقڵی کەڵك وەردەگرێ. عەقڵانییەتی بژێویانە تەنیا تایبەت بە چینی هەژار نیە و لە نێو خەڵکی هەژار تاکی زۆر ڕووناکبیرمان هەیە کە خاوەن کەسایەتییەکی بەرزن. عەقڵانییەتی بژێویانە دەتوانێ لە سەرجەم چینەکان بوونی هەبێت و تاکەکانی کۆمەڵگا لە مامۆستای زانکۆوە بگرە تا کاسبکار و کرێکار و کارمەند و بازاڕی و خوێندکار لە خۆ بگرێت. پرسیاری گرنگ لەو بابەتەوە ئەوەیە کەوا لە نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و کەسایەتیی مۆدێڕن و نەترس، چوارچێوەی دارێژراو لە لایەن ڕێژیم تا چ رادەیەك کاریگەری لەسەر سازبوونی عەقڵانییەتی بژێویانە و بەلارێدابردن و رووخاندنی ورەی خەڵك بۆ دەنگدان بە دیکتاتۆری دادەنێت. بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، سەرەتا پێویستە کورتە باسێکمان لە بابەت کۆمەڵگای مەدەنی هەبێت و بەراوردێکی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران بکەین.

بە پێی لێکۆڵینەوە مێژوویی و کۆمەڵناسییەکان، بنەما فەلسەفییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەردەمی یونانی کۆن (باستان) و بنەما یاساییەکانی لە سەردەمی ئێمپڕاتوری رۆم پێك هاتووە و لە سەنتێزی ئەو دوو بنەمایە، کۆمەڵگای مۆدێرنی رۆژئاوا ساز بووە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین کەوا لە رۆژئاوا پێش سازبوونی دەوڵەتی مۆدێرن، کۆمەڵگای مۆدێرن بوونی هەبووە. کەوایە دەوڵەتەکانی ئێستای رۆژئاوا سەرچاوەی رەوایی خۆیان لە کۆمەڵگای مەدەنی دۆزیوەتەوە کە ئەزموونی یونانی کۆن، بنەما فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی، ئەزموونی ئێمپڕاتوری ڕۆم، بنەما یاساییەکانی، ئەزموونی سەدە ناوەڕاستەکان، بنەما ئایینییەکانی و دواتر ئەزموونی سەدەی بیستەم، بنەما ڕێکخراوەییەکانی ئەم کۆمەڵگایەی پێك هێنا. ئەوە لە حاڵێکدایە کەوا کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران لە پێش سازبوونی دەوڵەت بوونی نەبووە، دەوڵەت سەرەتا ساز بووە و دواتر کۆمەڵگای مەدەنی دڵخوازی خۆی ساز کردووە. لە ڕاستیدا دەوڵەت لە ئێران و زۆر لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە،رۆڵی سەرەکی لە سەرجەم بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان دەگێڕێ. بێ هۆ نیە کەوا زۆر لە تیۆریداڕێژەرانی وڵاتانی ڕوو لە گەشە جەخت لەسەر گەشەی ستونی یان گەشە لە سەرەوە (دەسەڵات) بۆ خوارەوە (کۆمەڵگا) دەکەن.

بە هەر حاڵ، کۆمەڵگای مەدەنی چەشنێك لە شێوازی ژیان و هێمایەك لە گەشەی شارستانییەتی مرۆڤییە کە لە بەرانبەر دەوڵەت ڕووبەرێك لە پەیوەندییەکان لە خۆ دەگرێ و دەوڵەت لەوێدا ناتوانێ دەستێوەردان بکات. کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە تایبەتییەکان، دەزگا بەشدارییە یاساییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە خۆ دەگرێ و پڕنسیبگەلێکی هەیە کەوا تەنیا بە جێبەجێکردنی ئەوان ،کۆمەڵگای مەدەنی راستەقینە ساز دەبێ.

گرینگترین دەرکەوتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بریتین لە:

ئازادی، یاسامەندی، فرەچەشنی، دیاربوونی سنوورە گشتی و تایبەتییەکان، تلۆرانس و لێکحاڵیبوون. لەو کۆمەڵگایانەدا سیستمی دەسەڵاتدار سیستمێکی فرەچەشنە و لەوێدا گرووپە لابییەکان، گرووپەکانی گوشار، سەندیکاکان، ڕێکخراوەکان، راگەیەنە گشتییەکان، پارتە سیاسییەکان و گرووپە سیاسییەکانی دیکە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەگەڵ یەکتر رکەبەری دەکەن. هەر ناوەندێکی دەسەڵات لە بەرامبەر ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات و دەوڵەتی ناوەندی سەربەخۆیە. بە هۆی ئەو ناوەندی دەسەڵات و دەزگا رەسمی و ڕێکخراوە نادەوڵەتییانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە پاوانی چین یان گرووپ و دەستەیەکی تایبەت ناکەوێت. رێککەوتنی کۆمەڵایەتی (قرارداد اجتماعی) لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداران دڵخوازانە و بە پێی کۆدەنگی نێوان ئەوانە. لە لایەکەوە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، پارتە سیاسییەکان و تاك بە تاکی شارۆمەندان چاودێری دەسەڵاتداران و بژاردەکان (الیت ها) دەکەن و لە لایەکی دیکە سەرجەم شارۆمەندان، پارتەکان و دەستە سیاسییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کەوا سیستمی حوکمڕانی بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارەکان و پێشکەشکردنی پڕۆگرامە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان پێویستی بە ئازادیی پێویست هەیە و بۆیە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە ئازادیی پێویست بە ڕێبەرە هەڵبژاردەییەکانیان بدەن.

لە کۆمەڵگای مەدەنی شارۆمەندان ناچنە ژێر گوشاری ئەوە کە دەبێ لایەنگریی خۆیان لە پارتێکی تایبەت و یان ڕێبەرێك رابگەیەنن، بەڵکوو خەڵك ئازادن لەوەی کە دەنگ بە پارت و لایەنی جۆربەجۆر بە مەبەستی راگەیاندنی وەفاداری و لایەنگریی خۆیان بدەن. ئەو دەوڵەتانەی کە ڕووبەڕووی هێز و دەسەڵاتە ئۆپۆزیسیونە نێوخۆییەکان نەبنەوە هەوڵێك بۆ دابینکردنی ئازادییە مەدەنی و یاساییەکان نادەن. کۆمەڵگای مەدەنی وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی لە دەوڵەت، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و خەڵك ڕێك دەخات، هێوری دەکاتەوە و رەوایی پێ دەدات و لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات ناترسێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە پرۆسەی کولتووری شارۆمەندی و عەقڵانییەتی مۆدێڕن لە ئێران لە چ ئاستێکدایە؟ و ئایا دەتوانین لە کۆمەڵگایەك کە یاسا بنەڕەتییەکەی جەختی لەسەر «دیسکۆرسی نەریتگەرایی ئایدیۆلۆژیك»ە و چینی رووحانییەکانی لە سەرجەم چینەکان پێ سەرترە و مانەوەی کۆمەڵگا لە پێناو گوێڕایەڵی بێئەملاوئەولای خەڵك لە ڕێبەر دەزانێ، چاوەڕوانی جێبەجێبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بین؟ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە و چۆنیەتیی سازبوونی عەقڵانییەتی بژێویانە لە نەبوون یان لاوازبوونی یەکجار زۆری کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران وا باشە چاوخشاندنێکمان بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سیاسەت لە ئێران و کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی هەبێت.

**پێشەکییەك لە سەر چۆنیەتیی سیاسەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا**

کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەڕەتی یەککەوتن (وحدت) و نە جیاوازی دامەزراوە. ئەم ڕێژیمە بنەڕەتێکی جەوهەری لە ئیسلام ساز کردووە و بۆچوونی ئەقڵانی و هیرارشی رەت دەکاتەوە. هەروەها چاوی لە ئاوێتەکردنی هەرچی زیاتری مافەکان و یاسای خودایی (بە تەفسیری بەرژەوەندخوازی خۆی) بڕیوە و ئەوان جیا لە یەك نازانێ.

هێمای کولتووری ئیسلامی پێش هەمو شتێك لەسەر «مونیسم» دامەزراوە و باوەڕی قووڵی بە یەککەوتن (وحدانیت) هەیە. ئەم یەککەوتنە (وحدانیت)، جیاوازە لەگەڵ «دوالیزم» یان دوانەیی کەوا لە ئایینی مەسیحی هەیە.

بیرۆکەی ئۆمەت (امت) واتە بۆچوونی یەکگرتوو لە بابەت کۆمەڵی مرۆڤی (اجتماع بشری) کە هەم لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە و هەم لایەنی سیاسی، نیزامی و مەزهەبی لە خوێندنەوەی تایبەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوە بە واتای رەوایی نەبەخشین بە جیاوازیی بوارە جۆربەجۆرەکانی چالاکی ئینسانییە.

رکەبەریی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی وەکوو تەکلیف و ئەرکێك بۆ بڕوادارەکان (مومنان) وایە. ئۆتۆپیا یان ئارمان شاری کۆماری ئیسلامی، قۆم و مەشهەد و تاران و بە گشتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. بە بۆچوونی «خامنەیی» ئەم ئارمان شارە هەمیشە لە مەترسیی دارمان و لاوازبوون لە لایەن دوژمنان و دژبەراندایە، بۆیە جەخت لەسەر یەککەوتن و لابردنی جیاوازی- یەکان و ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە ئوسولگەراکان (اصول گراها) دەکات. هەروەها هیچ دەرفەتێك بە پێکهاتنی حیزب و سازمان و گرووپی ڕیفۆرمخواز یان ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران نادات و تا بتوانێ سەرکوتیان دەکات.

لە ئارمان شاری خامنەیی بیرۆکەی «تەکامولگەرایی رۆژئاوایی» بوونی نیە، چونکە تەکامولگەرایی ئێمە بەرەو لای دۆزینەوە و چوارچێوەبەندی شارێکی ئەقڵانی ڕێنوێنی دەکات. بیرۆکەی شاری خودا باسی سیاسی لە چوارچێوەیەکدا پێشکەش دەکات کەوا بە تەواوی خۆی دەبوێرێ لە ناکۆکی و دژایەتیی نێوان کۆنسێرڤاتیو و پێشکەوتنخواز.

لە بەرامبەر مەترسیی داڕمان و لێکهەڵوەشانی نێوخۆیی (ئانترۆپی) تەنیا ڕێگەچارەی ئەوان فورموڵی گەڕانەوە (اعادە) بۆ دواوەیە. ئەم گەڕانەوەیە یان بنەماگەرایانەیە (بنیادگرایانە) یان زیندووکەرەوەیە (احیاگرایانە)، بە واتایەکی دیکە یان شێوازی کۆمەڵگای سەردەمی پێغەمبەر دەگرنە بەر یان بە پێچەوانە ئەو جۆرەی کەوا سەید جەماڵەدینی ئەفغانی یان عەبدۆ گرتبویانە بەر چەشنێك ئاشتی لەگەڵ مۆدێرنیتەیە. لە هەر دوو چەشنەکە ئارمان شاری ئیسلامی بە تەواوی لەگەڵ ئارمان شاری رۆژئاوایی جیاوازی هەیە. ئارمان شاری ئیسلامی چاو بۆ داهاتوو ناگێرێ بەڵکوو لە دوای دووپاتکردنەوە و بەرۆژکردنەوەی شێوازێکە کە پێشتر بوونی بووە و هەموان لێی ئاگادارن. بەو پێیە سیاسەت ئیتر، بواری داهێنان نیە، بەڵکوو شوێنێك بۆ ئاشکراکردن و پتەوکردنی وەفادارییەکانە. بیر لە داهاتوویەکی باشتر و گۆڕینی ڕەوشی هەنووکە بە ڕەوشی دڵخواز لەو بیرۆکەیەدا جێگایەکی نیە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 579 ■ 19 Apr 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# شەڕی ساردی جیهانی لەسەر جەمسەری باکوور لە ئارادایە

بۆ ڕێبەرانی سەربازی جیهان، موناقشە لەسەر ئاڵوگۆڕ هەرێمی درێژەی هەیە. ئەوان خۆیان بۆ جۆرێکی نوێی شەڕی سارد لە جەمسەری باکوور ئامادە دەکەن، بەو پێشبینییە کە بەرزبوونەوەی پلەی ئاووهەوا لەوێدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سەرچاوەگەلی بەپیتی دەستلێنەدراو و کردنەوەی ڕێگەگەلێکی دەریایی کە خەونێکی درێژماوە بوون و هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی هێزەکی.

بەپێی راپۆرتی «ئاسۆشییەیتێد پرێس»، بەرپرسانی کاروباری سەربازی هەشت هێزی سەرەکی جەمسەری باکوور ـ کانادا، ئامریکا، رووسیە، ئیسلەند، دانمارك، سوئێد، نۆروێژ و فەنلاند ـ حەوتووی رابردوو لە پایگایەکی سەربازی کانادا بەمەبەستی باسکردن لەسەر پرسی ئاسایشی جەمسەری باکوور کۆبوونەوە. ئەمانە بەو مانا نیە کە شەڕ لەوێ نزیکە، بەڵکوو بە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئەو کرێکار و کەشتییانەی بەمەبەستی گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی نەوت و گاز هاتوچوی تێدا دەکەن، بوونی پۆلیس، نیگابانی سنوور و هێزی سەربازی بۆ جێبەجێکردنی ئیدیعا دەریاییەکان وەکوو پێویستییەك خۆدەنوێنن.

ناوچەکە هەر ئێستا چالاکیی سەربازی تێدا بەڕێوە دەچێ و کارناسان لەو باوەڕەدان کە ئەو چالاکییانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ساڵەکانی دواتردا زیاتر دەبێ.

مانگی پێشوو، نۆروێژ یەکێك لە گەورەترین مانۆرە سەربازییەکانی جەمسەری باکووری لە ژێر ناوی «تەمرینی وەڵامی سارد» بەڕێوە برد کە تێیدا ١٦٣٠٠ هێز لە ٢٤ وڵاتی جیهانەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەر شەڕێکی توند لە بەرامبەر هەڕەشە تیرۆریستییەکان، لەسەر سەهۆڵ ئامووزشیان بینی.

ڕێکخراوی هەڵسەنگاندنی ژێئۆلۆژیکی ئامریکا مەزندە دەکات کە ١٣ لە سەدی نەوتی نەدۆزراوی جیهان و ٣٠ لە سەدی گازی نەدۆزراوی جیهان لە جەمسەری باکووردایە. بەپێی لێکدانەوەی شوورای دۆزینەوەی نەتەوەیی کە پارەکە لە لایەن هێزی دەریایی ئامریکاوە پێکهاتبوو، ڕێگە دەریاییەکان بۆ کەشتیرانی دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە ٢٠٣٠دا بکرێنەوە، واتە کاتێك کە بەرزبوونەوەی پلەی هەوا، سەهۆڵی دەریاکە بتوێنێتەوە.



سەهۆڵەکانی جەمسەری باکوور بە خێرایی دوو هێندەی شوێنەکانی دیکەی جیهان خەریکن دەتوێنەوە. کارناسانی ژینگەپارێزی لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەترسیی سەرەکی لە داهاتوودا، سەرهەڵدانی شەڕی سەربازی لەو ناوچەیە نیە، بەڵکوو خودی دەرهێنانی نەوت و گاز و نیشتەجێبوونی حەشیمەتێك لە مرۆڤەکان، مەترسیی سەرەکییە.

لەم وێنەیە کە لێرەدا هاتووە ـ لە ڕێکەوتی ١٩ی مارسی ٢٠١١دا گیراوە و چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە لایەن هەواڵدەریی «ئاسۆشییەیتێد پرێس»ەوە بڵاو بووەتەوە ـ ژێردەریاییەکی ئامریکا کە بە چەکی ناوکی تەیارە، بە سەهۆڵی جەمسەری باکوور داپۆشراوە.

# لە سەدەمین ساڵوەگەڕی «تایتانیک»دا، فرۆشی «تایتانیک» زیادی کرد



لە سەدەمین ساڵوەگەڕی نوقمبوونی کەشتی بەناوبانگی تایتانیکدا، مووزەخانەیەك بۆ نمایشدانی ئاسەوار و پاشماوەکانی ئەو کەشتییە لە شاری ساوتەمپتۆنی بریتانیادا کرایەوە. مووزەخانەکە کاتژمێر ١:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٠ی ئاوریل، لە سەدەمین ساڵوەگەڕی ساتی چوونە نێو دەریای کەشتی تایتانیك کرایەوە. مووزەخانەکە بڕی ١٥ میلیۆن پۆندی بریتانیای تێچووە و بەرپرسانی ڕایانگەیاندووە کە تێیدا گەورەترین داستانی نەوتراوی سەرنشینانی تایتانیك و کاریگەری ئەو تراژێدییە لەسەر شاری ساوتەمپتۆن پیشان دراوە.

لە هەواڵێکی دیکەی پێوەندیدار بە سەدەمین ساڵوەگەڕی تایتانیك، هەواڵدەریی «ئاسۆشییەیتێد پرێس» بڵاوی کردەوە کە فرۆشی فیلمی «تایتانیك»، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٧، تەنیا لە دوو حەوتووی رابردوودا، لە ٢ میلیارد دۆلارەوە گەیشتووەتە ٢,٠٣ میلیار دۆلار. «تایتانیك»، بە دەرهێنەری جەیمس کامێرۆن، پاش فیلمی «ئاواتار»، بەرهەمی ٢٠٠٩ کە هەر لە لایەن کامێرۆنەوە دەرهێنەری کراوە، بە پڕفرۆشترین فیلمی مێژوو ئەژمار دەکرێ.

# گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ئەنفال دەدوێن

١٤ی ئاوریل لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕۆژی ئەنفال ناسراوە. لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ لە گوندی ملە سوورە و کوڵە جۆی حاجی حەمەجان زۆترین ژمارەی خەڵك ئەنفال کران. لە ١٤ی ئاوریلی ٢٠٠٨دا، پەرلمانی عێراق تاوانی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند. پرۆژەی پاکتاوی نەتەوەی کورد کە بە «ئەنفال» ناسراوە، بە یەکێك لە دڕندانەترین پرۆژەکانی جینۆساید لە مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار. ئەنجوومەنی بە ناو سەرکردایەتیی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵاتی بڕیار بوو لە عێراق و سەددام حوسێن سەرۆکی بوو، لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ بڕیاری ژمارە ١٦٠ی دەرکرد و بە پێی ئەو بڕیارە ئەنفال ئەنجام درا. لەم پرۆژەی ژێنۆسایدەدا، ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی کوردی سڤیل بوونە قوربانی و بەرەو دۆزەخەکانی بەعس بران و بۆ هەتا هەتایە شوێن بزر کران و هەندێکیان لە تاقیگەکانی ڕژێمی بەعس چەکی کیمیاوییان لەسەر تاقی کرایەوە. هەروەها چوار هەزار گوندی کوردستان لەگەڵ زەویدا تەخت کران، لەگەڵ سووتانی هەزاران ڕەز و باخ و کێڵگە و پڕکردنەوەی کارێز و کانی و ڕووخاندنی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە. هەروەها لە هەندێ شوێنی کوردستان لە گەرمیان و بادینان چەکی کیمیاوی بەکار هێنرا و لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفال لە بادینان هاووڵاتیانی کورد بەکۆمەڵ دەستبەسەر و هەر لەو شوێنەدا گوللەباران دەکران. گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردستان هەنووکە گەورەترین شایەتیی بەربڵاوی و دڕندەیی پرۆژەی «ئەنفال» لە کوردستاندان.



زایەڵە

باران

## سەرهەڵدانی هێزێکی پەنگخواردوو

عەرەبەکانی ئێران لە حەوتەمین ساڵوەگەڕی ١٥ی ئاوریل، ڕۆژی ڕاپەڕین و خرۆشانی خەڵکی ئەهواز و چەند شاری دەوروبەری و سەرکوتی خوێنینی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە شاری حەمیدیە و چەند شوێنی ئەهوازدا خۆپیشاندانیان پێك هێنا کە بە توندی لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە سەرکوت کرا. چەند ڕۆژ پێشتریش، ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابییانی قوتابخانەیەکی ئەهواز بە هۆی هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی خۆیان، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوون. ١٥ی ئاوریلی ٢٠٠٥، ترۆپکی سەرهەڵدانی عەرەبەکانی ئێران دژ بە سیاسەتی گۆڕینی دێموگرافی ئەو ناوچەیە لە عەرەبنشینەوە بۆ فارسنشین بوو، سیاسەتێك کە ئێستایش درێژەی هەیە و هەر دەنگێکی ناڕازی بە دژی، بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ. خۆپیشاندانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر، سەرهەڵدانی بەشێك لەو دەنگە پەنگخواردووانە بوو کە بەدەست هەڵاواردنی نەتەوەیی بە هەموو ڕەهەند و شکڵەکانییەوە دەناڵێنن. یەکێك لەو ڕەهەندانە، ڕەهەندی ئابوورییە، بە جۆرێك کە ئەگەرچی زۆرترین داهاتی ئێران لە نەوتە و زۆرترین چاڵە نەوتییە وەگەڕکەوتووەکانی ئێرانیش لە ناوچەی عەرەبەکاندایە، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە لە بەراورد لەگەڵ خەڵکی ناوەندنشیندا هەژارتر و کەمداهاتترن. خەڵك لەو هەوڵاواردنە ناڕازی بوون و کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی مافیان بداتێ، پیلانی گۆڕینی باری حەشیمەتیی ناوچەکەی گرتەبەر، واتە نەتەنیا نەوتی خاکەکەیان بەبێ ئاوڕدانەوە لە داخوازییەکانیان دەبەن، بەڵکوو لە خاکەکەی خۆیشیان دەریاندەکەن. راپۆرتگەلێك لە سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی ئاوریلی ٢٠٠٥ لە ئەهواز بڵاو بووەوە کە ئەوپەڕی دڕندەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا. بە وتەی شایەتحاڵەکانی ئەو کارەساتە مرۆییە، بە سەدان کەس لە خەڵکی ناڕازی فڕێ دراونەتە نێو ڕووباری کاروونەوە، بە سەدان کەس بەبێ هیچ دادگاییکردنێك لەسێدارە دراون و هتد.

بێبەشی و زوڵملێکراویی خەڵکی عەرەبی ئێران هەر وەك بێبەشی و زوڵملێکراویی کوردەکان، بەلووچەکان، تورکەمەنەکان و ئازەرییەکان ئەوەندەی دڕندەیی و سەرکوتکاریی هێزە قەڵاچۆکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دیار و حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەوەی ڕوون نیە ئەوەیە کە بۆچی ئێستایش کەسانێك لە ئێراندا هەن کە سەرەڕای بانگەشەکانیان بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ، لەمەڕ پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا بێدەنگن و ئەگەریش هەڵوێستێك دەگرن، لە دووپاتکردنەوەی تۆمەتە ناڕەواکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر نیە.

لە بەیاننامەیەکدا کە چەند حیزب و ڕێکخراوی عەرەبی ئەهواز بە بۆنەی حەوتەمین ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی ١٥ی ئاوریل دەریانکرد و تێیدا داوایان لە خەڵك کرد کە بەو بۆنەوە، چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە ببەن، ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی کرابوو، یەکەم، ڕێگەچارەی پرسی نەتەوەکان لە ئێران، سیستمێکی فێدراڵییە و دووهەم، چالاکی و خۆپیشاندانەکانی خەڵك دەبێ بە شێوەی مەدەنییانە و ئاشتیخوازانە بێ و هەر کردەوەیەکی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی لەقاو بدرێ. ئەم دوو خاڵە ڕەدکەرەوەی هەموو بانگەشە ناڕەواکانی ئەوانەیە کە دەیانهەوێ بە دووپاتکردنەوەی تۆمەتە هەڵبەستراوەکانی کۆماری ئیسلامی، خۆیان لە ئەرکی داکۆکی لە مافی ئەو خەڵکە بێبەش و زوڵملێکراوە بدزنەوە. هەر چۆنێك بێ، هێزی پەنگخواردووی نەتەوە زوڵملێکراوەکان، ڕاستییەکی سەلماوە کە دەرەتانی چاوپۆشیکردن و حاشاکردنی نەهێشتووەتەوە.